# سەروەرانی قەندیل


ئامادەکار / عوسمان ڕە سوڵ حسن ( عوسمان سه نگەسه ری ) ٠٧٧٠١٥٦٧٠٩٣

وێنەی بەرگ وتایپ / هونەری محمد سۆفی

دیزاین / شێرزاد مەولود

تیراژ / ٥٠٠ دانه

ئەرکی چاپ / مەکتەبی ڕاگەیاندنی ی ن ك

چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی کەرکوك ٢٠١٢

سەرنج :

ئامانج لەکۆکردنەوە و ژياننامانەی ئەوپۆلە شەهيدانەی سنوری ناحيەی سە نگە سە رو ژاراوە و کردنيان بە کتێبێك وەکو وەفاو لەبير نەچونەوەی ڕۆژە سەختەکانە کەئەوکەڵەمێرانە بە کەم ژيان و کەڵ ژيانيان بەخوێنيان ئەم ڕۆژانەيان هێنايە دی  و دوای هەوڵێکی زۆريش توانيم  ژيان ووێنەکەيان پەيدابکەم و سەرلەنوێ پياچونەوەو داڕشتنەوەيان بۆبکەم چونکە بەداخەوە زۆربەی ئەوشەهيدانە لە سەردەمی هەڵگيرسانەوەی شۆڕشی نوێ دا شەهيد بون ولەگەڵ سە ری ڕێزو نەوازيشم بۆ تێکڕای شەهيدانی تری کوردستان لە هەمان کاتيشدا سوپاسی هەموو ئەوانەش دەکەم کەوەك سەربازێکی ون هاوکارم بون چ ئەوانەی دوای من کە نەمتوانيوە خزمەت وکالآی بە قەد بالآ ببڕم بەبالآی ئەم شەهيدانە ئەمان بتوانن بيکەن و هەموو ئەوانەی لێرە ناويان نەهاتوە بتوانن کۆی بکەنەوە و بينوسنەوە بەلآم  دڵنياش بن من ئەوەندەم توانيوە کەکردومە ..




**شه هید ئیسماعیل عبدالله حمد**

ساڵی ١٩٤٩ له گوندی سندۆلآن له خێزانێکی هەژارو کاسب کار کورد پەروەر چاوی به ژیان هەڵهێناوەو دوای ماوەیەکی کەم بۆ بژێوی ژیانی هاتۆته ناحیەی سه نگەسه رو بەهۆی هەست و سۆزی کوردایەتیەوە لەساڵی ١٩٧٧ لەبناری قه ندیل له هەرێمی پارێزگاری بۆته پێشمەرگه وئاسا بیانه کارەکانی ڕاپەڕاندوەو به ئیلتزام بوەوله گوندەکانیشدا زۆر خۆشەویست وبەڕێزبوەو درێژەی به خەباتی خۆی داوه تا ساڵی ١٩٧٨ له کارەساتی هەکاری له گوندی لۆلان دەکه وێته بۆسەی دوژمنه وه و به دیلی دەگیرێ و له ١٩٧٨/٩/٨ له موسڵ ئیعدام دەکرێ



**شه هید أحمد أورحمان خدر**

ناسراو به فقێ ئەحمەد لە ساڵی ١٩٦٣ لە خێزانێکی کورد پەروەر لە گوندی زورکان لە دایك بوەو وەبژێوی ژیانی بنەماڵەکەیان لە سەر کشتوکاڵ بوو بۆیە هە ر زوو هە ستی چینایەتی لا بە هێزبوو لە ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانە وە دەکات و ئەرکەکانی ڕاد ە پە ڕێنێ و لە بە هاری ١٩٨٧ لە بناری قە ندیل لە تیپی ٥٦ ی گەلاڵە دەبێتە پێشمەرگەو بەشداری چەندین شە ڕو چالاکی دەکات لە سنوری تیپەکەی و دوای ئەنفالیش هەمیشە لە ناو جەماوەرەکەی خۆی دانەبڕاوەو بە شێوەی پارتیزانی کارەکانی ئەنجام داوە تا بەداخەوە لە ساڵی ١٩٩٠ لە گەڕانەوەی بۆ ناوچە ئازاد کراوەکان لە گوندی بارەپانە ی سەر بە ژاراوە دەکەوێتە بۆسەی دوژمنەوەو بەبرینداری شەهید دەکرێ و تاوەکو ئێستا تەرم و گلکۆیەکەی دیار نی یەو بێ سەرو شوێنە



شه هيد بابكر أحمد رسولٚ حمد

ناسراو به بابكره ڕيشه له ساڵی ١٩٤٧ له بناری سەرکه شی قەندیل لەگوندی کۆپنگه له بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕو زەحمەت کێش چاوی به ژیان هەڵهێناوەوهەرلەتەمەن بچوکی دا بۆهاوکاری خێزانەکەیان و بژێوی ژیانیان بۆته شوان وهەرلەوێشەوەبوە هەستی به سستەمی چینایەتی و نه تەوایەتی کردوەو بۆیه لەساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی به ڕیزەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانه وه دەکاو زۆر چالاکانه کاروفەرمانی سەروی خۆی جیٚ بەجیٚ دەکاو له ساڵی ١٩٨٠ دەبێته پێشمەرگه له هەرێمی شه شی پارێزگاری لای شەهیدعبدالرحيم له قەلاتوکان ولەژیانی پێشمەرگایەتی لەسنوری تیپی ٧٩ ی شه هیدان و تیپی ٧٣ ی قه ندیل زۆر جوامێرانه به شداری شەڕەکانی سنورەکەی خۆی دەکاو سالی ١٩٨٦ به سەختی بریندار دەبیٚ و دواتربەهۆی ئازای و خۆڕاگرییه وه دەبێته فەرماندەی مه فرەزەو هه رله شاخیش ساڵی ١٩٨٩ دەچێته ژیانی هاوسه رییه وه و کورو کچێکی به ناوەکانی ( شاخەوان و ئارەزوو )دەبێت و بەڵام بەداخەوه له ساڵی ١٩٩٧ بەهۆی نەخۆشیەوه له ڕەزایەی ئێران کۆچ دەکات



شه هید بەختیار مستەفا سه عید

ناسراو به شه هیدبەختیار مەرگەی له ساڵی ١٩٥٦ لەگوندی مەرگه له خێزانێکی هەژارونیشتمان پەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوەو وەبنەماڵەکەشیان بەڕەزوباخ و کەسابەتەوە خەریك بون وبەهۆی کێشەی شەڕی نێوان جوتیارو ئاغاکانەوەبەخۆی وماڵ ومناڵەکانیان ئاوارەی سەنگەسەر دەبن وشەهیدی نەمرخوێندنی سەرەتای و ناوەندی له سەنگەسەرو قەڵادزە تەواو دەکات بەڵام ناتوانێ درێژەبەخوێندن بدا چونکه بەهۆی لایەنگری باوکی بۆباڵی جەلالیەکان لەلایەن پارتیەوەدووساڵ سجن دەکرێ لەخەلان وڕایەت ودوای ئازادبونیشی دوبارە ئاوارە دەبن له وڵاتی ئێران و ژیانیان پڕله زەحمەت دەبێ و تا لێبوردنی گشتی دەگەڕێنەوە سەنگەسەروشەهیدی نەمریش بۆبژێوی خێزانەکەی دەبێتە سائقی شۆفڵ وله ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی به ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە دەکاو چالاکانه ئەرك و فەرمانەکانی جێ بەجێ دەکات تاساڵی١٩٨٠ دەبێتە سەربازبۆماوەی چوارمانگ وهەرلەوێش دەبێتە پێشمەرگە له تیپی٤٣ ی ئاسۆس و دوایش کەرتی ڕێکخستنی قەڵادزێ وزۆر بوێرو دڵسۆزانه ئەرك و فەرمانەکانی خۆی بەجێ دەگەیێنێ وبەشداری سەرجەم شەڕەکانی سنوری تیپه کەی دەکات بەلام بەداخەوەله ساڵی١٩٨٣/٣/٢٤ لەکاتی واجبی ئاسای لەبنکەی چیای گەورە قەلا کەخاڵی یەکەمی بەرگری بولەڕوی دوژمنەوە بۆیە هەمیشه ئەم شوێنه دەدرایە بەر تۆپ و کاتیۆشاو دۆشکە ناوبراویش بەهۆی گولله باران کردن بەدۆشکە بەسەختی بریندارەبێ ودوای ڕۆژێکی پڕ له ئازار گیان له دەست ئەداو لەگۆڕستان مەرگه لەپاڵ شەهیدە سەربەرزەکانی تر به ڕیوڕەسمی پیشمەرگانه دەنێژرێ



شه هید برایم نبی پیرۆت

ساڵی ١٩٣٦ له بنەماڵەیەکی هەژارو نیشتمان پەروەر له گوندی مەمکان چاوی به چیاو دۆڵ و ده شتەکانی بناری قه ندیل هەڵهێناوەو سەرچاوەی ژیانیشیان بەخێوکردنی مه ڕو مالات بوه و هەر له وێشەوه هەستی کوردایەتی بزوتوەو ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بەڕیزەکانی ڕێکخستنی یەکێتیەوه دەکاو چالاکانه وەکو تەتەرێکی شۆڕش هەردوو ئەرکەکانی سەرشانی بێ سڵەمینەوە ئەنجام دەداو ساڵی ١٩٨١ چەکی پێشمەرگایەتی لەکەرتی چواری هەرێمی ١٤ ی ئاکۆ درێژەبه کارو خەباتی ئەداو بەلام بەداخەوە شەهیدی نەمر تەمەنی کەم ژیان و کەڵ ژیانی له پێشمەرگایەتی کەم دەبێ وله ساڵی ١٩٨١/٤/٢٤ له زینوێ ماخۆبزنان دەکووێته کەمینی دوژمن ودوای شەڕێکی مەرگ ئاسا شەهید دەبێ ودوای خۆیشی پێنج کوڕو سێ کچی جێهێشتوه



**شه هید حسن أحمد خدر حمد**

**سالی ١٩٦٩ له خێزانێکی هەژارو نیشتمان پەروەرو دڵسۆز بە ڕێبازی کوردایەتی لە گوندی دۆڵە بە فرەچاوی بەژیان هەڵهێناوە و بە هۆی نەدارییەوە هە ر زوو واز لە خوێندن دەهێنێ و شان ئەداتە بە ر کارکردن لە پێناوی بژێوی ژیانی بنەماڵەکەی بەلام هەستی بەرزی نەتەوەکەی لەسەروی هەمووشتێکەوە دەبینی بۆیە ساڵی ١٩٨٠ لە دەزگای دارای ناوزەنگ دەبێتە پێشمەرگەوچالاك وبوێرانە کاروفەرمانەکانی دەکا دواتریش لەدەزگای دارای مەڵبەندی سێ و ئەمجار لەمەفرەزەی مەکتەبی سیاسی و بەشداری سەرجەم شەڕونەبەردییەکانی سنورەکەی کردوەوتاله بەهاری سالی ١٩٨٦ لە چیاییەکانی پشتی سێروانی بەری مەرگە لەچیا هەڵ ئەدێرێ و دەکەوێتە ناو ئەشکەوت و شەهید دەبێ لەگوندی چنارنێ بەخاك دەسپێردرێ**




**شه هید حسن أحمد محمد**

ناسراو حسنی أحمدتوجاڕی له ساڵی ١٩٥٥ له خێزانێکی هەژارو نیشتمان پەروەرو دڵسۆزله سندۆڵان له بناری چیای ئاسۆس چاوی بەژیان هەڵهێناوەو هەرلەتەمەنی منالیەوه خولیاوعەشقی کوردستان بوه و ئاواتی شاخ وشۆڕش و پێشمه رگه بوەو هەمیشه خەوی بەوەدەبینی گەوره بێ و چەکی بەرگری و پێشمەرگایەتی بکاته شانی وبەرگری لەخاکەکەی بکاوبۆیه هەرزووماڵیان هاته سەنگەسەرو خوێندنی سەرەتای وناوەندی لەم شارۆچکەیه تەواو دەکاو بە هۆی خەندەو کۆمەڵایەتیەوه بونی جێگای ڕێزو خۆشەویستی بوەولەساڵی ١٩٧٩ دەبێته پێشمەرگەو دلسۆزانه ئەرکەکانی لەناو حیزبی سۆسیالیست ئەنجام ئەداو بەهۆی وشیاری وئازایەتیەوه دەبێته فەرماندەی مەفرەزەلای شەهیدرحمان سێوەیسی بەلام بەداخەوه لەرۆژ ١٩٨٠/١٢/١٨ لەدووچۆمان دەکەوێته بۆسەی دوژمنەوەو بەدیلی دەگیرێ و هەرهەمان شەویش دوای ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر له معەسکەری دارەشمانەوه گولله باران دەکرێ وگیانی بەخاکی کوردستان دەسپێرێ



شه هید حسن رسولٚ مسته فا

ساڵی ١٩٤٥ له خێزانێکی دڵسۆزوکورد پەروەر له دامێنی بناری قەندیل لەگوندی ئێندزێ چاوی به کەژوکێوەکانی کوردستان هەڵهێناوەو هەر لەمناڵیشەوەهەستی کوردایەتی لادروست دەبێ وله هەمان کاتیشدا شان ئەداته بەرکارکردن بۆژیانی بنەماڵەکەیان وله شۆڕشی ئەیلولیش دەبێته پێشمەرگەو تانسکۆ و لەگەڵ دەست پێکردنەوەی شۆڕشی نوێ دا ١٩٧٦ له هەرێمی پارێزگاری دەبێته پێشمەرگەو ئەرك و فەرمانەکانی دڵسۆزانه ئەنجام دەداو زۆریش خۆشەویست بوه لەناو خەڵك و پێشمەرگەداو تادواجار له ساڵی ١٩٧٧ لەچیای قەندیل بەهۆی سەرماو سۆڵەوە شەهیددەبێ و دەگاته کاروانی نەمران



**شه هید حسن علی حمد علی**

سالی ١٩٥٤ له خێزا نیکی هەژارو دلسۆزو خاکی له گوندی قەلاوه له دایك بوه و بژێوی ژیانیان به هۆی کشتوکالەوه بوه و هەر له سەرەتا ی منالیه وه هه ستی بۆ گه لەکەی هه بوه و بۆیه له سالی ١٩٧٧ په یوەندی به هێزی پێشمەرگەوه دەکات لای کوێخا عەلی مەنگوڕ و چالاکانه به شداری سەرجەم فەرمان و چالاکیەکان دەبێ بەلام بەداخەوه له سالی ١٩٨٣/٥/٣ له دۆلی ڕەسوی ناوچەی پشدەر شەهید دەبێ و د وا ی خۆیشی سێ کچ و کوڕ به ناوەکانی ( ئامین و عبدالله و ئارەزو و محمدو کویستان ) به جێ دەهێلێ



**شه هید حسن قادر عولا رسولٚ**

**له سالی ١٩٤٨ له دامێنی بناری قەندیل له گوندی ئه ستێرۆکان له خێزانێکی هەژارو دلسۆزچاوی بەژیان هەڵهێناوەو هەر لەمنالیەوه خولیای کەژو کێوی کوردستان بوەو بژێوی ژیانیشیان له سەر مەڕو مالات و ڕەزوباخ بوەوبۆیه لەهەلەگەڵ هەلگیرسانی شۆڕشی نوێ دا به خۆی و چوار براوه له سالی ١٩٧٦ پە یوەندی بە رێکخستنەکانی ی ن ك دەکات و هەر له هەمان ساڵیشدا به خۆی و چوار برا وه له هێزی هەرێمی پارێزگاری دەبێته پێشمه رگەو به شداری سەرجەم شەڕو چالاکیەکانی سنورەکه ی دەکات له کورتەك ومەڵبەندی سێ و ناودەشت و دۆڵی خانه قاو قه ندیل و....هتد دواتر دەچێته تیپی ٧٤ باڵەك و درێژه به خه باتی دەدات تاله ساڵی ١٩٩٣ به هۆی نەخۆشیه وه له ئێران له نەخۆشخانەدا کۆچی دوای دەکاوهەرچەنده خێزانی هەبو بەلام مناڵیان نەبوو**



شه هيد حسن وسمان عولا

له سالّی ١٩٥٤ له خێزانێکی کورد په روەرو زەحمە تکێش له گوندی خەندەکە له دایك بوەو هەر لەمنالّیەوە خولیاو عەشقی خاکی کوردستان بوە و بۆیە لە تەمەنی لا ویيەوەلە سالّی ١٩٧٣ تا نسکۆی شۆڕشی ئە یلول درێژە بە خەبات وچالاکیەکان دەداولەگەلّ هەلگیرسانەوەی شۆڕشی نویّ دا لە سالّی ١٩٧٦ پەیوەندی بەرێکخستن دەکات لە ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان زۆربوێرو دلّسۆزانە کارەکانی ڕادەپەڕێنیّ ودواتر له سالّی١٩٧٧لە هەرێمی پارێزگاری دەبێتە پێشمەرگەو ئازاو لێهاتوانە بەشداری شەڕەکانی سونی وئالیە ڕەش و سەرخان دەکات بەلاّم بە داخەوە لە ١٩٧٨/٥/١٥ له کارەساتی هەکاری شه هید بوو



شه هید حسێن حمدەمین حمه وتمان

له ساڵی ١٩٦٠ له خێزانێکی هەژارو ڕەنجدەرونیشتمان پەروەرلە دامێنی چیای قەندیل لەگوندی کوزینه چاوی به کەژو کێوی کوردستان هەڵهێناوەو هه ر له تەمەنی لاویەتیەوه کەوته بەخێوکردنی مه ڕو ماڵاٹ و ڕۆژبەڕۆژیش هه ستیچینایەتی و نەتەوایەتی به هێزتردەبوو بۆیه خانەوادەکەیان بڕیاریاندا هەموو یان ببنه پێشمەرگەو بۆیه له ساڵی ١٩٧٧ له هەرێمی پارێزگاری بوه پێشمەرگەو چالاکانه ئەرکەکانی دەکردو ماڵەوەشیان له چیاکان ژیانیان بەسه ر دەبردوو نان و ئازادی یان کرد بوه دروشمو تۆپ و تانکی دوژمن ورەی به رنەدان وشاخو ئەشکەوت بوه ماڵیان و بەڕووش ببوه خۆراکی مناڵه ڕەش و ڕوت وبێنازو لانه سەربەرزەکەیان بەلام به داخەوه له ١٩٨٣/٣/٢٥ له خوار چیای سادر له زینوێ سەروان دەکەوێته بۆسەی دوژمن و شەهید دەبێ ودوای خۆیشی به سەربەرزی یەوه چەك وسەنگەرەکەی چۆڵ نابێ و باوك وبراکانی درێژه به خەبات دەدەن



شه هيد حمد أمين شێخه على

له ساڵی ۱۹٥۲ لەبنکەو لانەی شۆڕش له بناری قەندیل لەگوندی بیانه له خێزانیکی هه ژارو دڵسۆزو نیشتمان په روه رو زەحمەت کێش چاوی به ئازارو ئه ندێشەکانی ولآتەکەی هەڵهێناوەو له ساڵی ۱۹۷٦ له هەرێمی١٤ ی ئاکۆیان دەبێته پێشمەرگەو زۆر چالاکانەو سەرکەوتوانه کارەکانی ئەنجام دەداو بەشداری سنوری چالاکیەکانی دەبێ لەدژی دوژمن و هه ربه هۆی ئەم ئازایەتیەوه دەبێته فەرماندەی کەرت وبەلام به داخەوه له ساڵی ۱۹۷۹ لەشێبانی سەرکەپکان بەهۆی پیلانێکی نەخشه بۆ کێشراو لەلایەن جاش و ڕژێمەوه دوای ئابلوقەدانی لەگەڵ هاوڕێ یەکی تری دا شه هيد دەبێ و دوای خۆیشی دووکچی بێ نازی دوورسۆزی باوکی بەناوەکانی (بەهارو گوڵزار جێ دەهێڵێ



**شه هید (خدر عبدالله بالْواغا )**

ناسراو بەمام خدراغالەساڵی ١٩٠٩ لە گوندی دوگۆمان لە خێزانێکی کورد پەروەرلە دایك بوەوکە بە ئیش و کاری مەڕومالات گە رمیان و کوێستان بژێوی ژیانی بە سەربردوەو وەکوفە رماندەیەکیش لە ڕێگای برایم ئەحمەدیش بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردوەو دەوری کارای بینیوە لە شەڕەکانی گەرمیان وکوێستانداو لە هەمان کاتیشدا بەهۆی خاکی بونیەوە خۆشەویستی خەڵك وپێشمەرگە بوەولەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ دا سەرلە نوێ لەساڵی ١٩٧٦ رووەدەکاتەوەچیای قە ندیل وبێ باك وچالاکانە لەدژی دوژمن پەرە بەکارو چالاکیەکانی دەدا وبەشداری تێکرای کاروچالاکیەکانی سنورەکەی دەکاتوماوەیەکیش وەکوهێزی پارێزگاری لای هە ڤاڵ مام جەلال دەبێ ودواتریش لای شە هید عەلی عەسکەری وەکوفەرماندەی کەرت درێژەبەچالاکی یەکانی دەداوتا لە١٩٧٨ دوای شە ڕێکی پڕ لە بە رگری و فیداکارانە وبێ بەرامبە ر شە هید دەبێ و دوا ی خۆیشی دوو کوڕو پێنج کچ بە ناوەکانی (حمدەمین و عبدالله وحەلیم وفاتم وشەوکەت و بە نازو بەسك )بەجێ دەهێڵێ



**شه هید خورشید عبدالله أحمد مسته فا**

ناسراو به شینه  له سالّی ١٩٥٨ له خێزا نێکی هەژارو نیشتمان پەروەر له گوندی لێوژەی بناری قەندیل چاوی بەژیان هەڵهێناوەو بەهۆی سەختی ژیان مل ئەداته کارکردن لەکشتوکاڵ و ڕەزوباخ و له هەمان کاتیشدا هەستی چینایەتی ونەتەوەی لادروست دەبێ و بۆیه لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ له سالّی ١٩٧٦ له هەرێمی ١٤ی ئاکۆیان لای شەهیدی فەرماندە عولاّسور دەبێته پێشمەرگەو چالاکانه ئەرك و کارەکانی ئەنجام دەداو بەشداری سەرجەم شەڕەکانی چیای هێلانان وکێوەڕەشومامه ڕووت وسماقولّی و ...هتد وەبه سەختیش جارێك بریندار دەبێ تادواجارله شەوی ١٢/١٢ /١٩٨٠ له دۆڵەتووی ئێران دەکەوێته بۆسەوەو به هەڵه شەهید دەبێ ودوای خۆیشی کچێك بەناوی (بەناز ) جێ دەهێڵێ



**شه هید ڕسوڵ خدر قڕنا قه وی**

سالّی ۱۹۳۹ له دامێنی بناری سەرکەشی قەندیل له گوندی قڕناقەو له خێزانێکی هەژارودڵسۆزلەدایك بوەو کە ژیانیان بە ڕەزوباخەوە بەندبوو هەر لەمناڵیەوە دەم بەپێکەنین وقسە خۆش بوووەخولیای شۆڕش وقوربانی دان بووبۆیە لەگەڵ شۆڕشی نوێ دا له سالّی ۱۹۷٦ لە هەرێمی پارێزگاری دەبێتە پێشمەرگەو بەهۆی ئازایەتی دەبێتە فەرماندەی مەفرەزەو لە داستانی چیای ساوێنیشدا بە خەستی بریندار دەبێ ودواتر بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی پێشمەرگایەتی دێتە خوارەوەو بەداخەوە لە ساڵێ ۱۹۷۷ لە سەر جۆگای سیفۆنی قادراوی سە نگە سەر دەکەوێتە بۆسەوەو شەهید دەبێ و گیانی پاکی بەخاکی کوردستان دەسپێرێ



**شه هید ڕسولْ سلێمان محمد**

**سالْی ١٩٥٦ له خێزانیکی هەژارو دلْسۆز له جوتکانیانی قەلاْدزە له دایك بوەو هەر له و شارەدا چۆتە بەرخوێندن وتا پۆلی سێ یەمی ناوەندی خوێندوەو ژیانیشی بە جوتیارییەوە بە سەر بردوەو بەشداری شۆڕشی ئەیلولیشی کردوەو تاوەکوهەرەس و ئاوارەی ئێرانیش بوەو لەگەلْ هەگێرسانەوەی شۆڕشی نوێ دا له سالْی ١٩٧٦ چەك دەکاتەوە شانی و لە هەرێمی پارێزگاری دەبێتە پێشمەرگەو خەباتی درێژە پێ دەدا له بناری قەندیل بەلام بەداخەوە له گوندی بێکلۆ دەکەوێتە بۆسەی دوژمنەوەو بە دیل دەگیرێ له سالْی ١٩٧٧ دواتر له موسلْ له سێدارە دەدرێ**




شە هید سلێمانی علی ئاغای مە نگوڕ

ناسراوبە سلێمانی عەلی ئاغای مەنگوڕلە ساڵی ١٩٦٠ لە گوندی شەروێت لە ناوچەی مەنگوڕایەتی سنوری پشدەر لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرچاوی بەژیان پشکوتوەو خوێندنی سەرەتای لە قەلاَدزە تەواوکردوەو لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ دا بنەماڵەکەیان ڕوولە شاخ دەکەن لە ساڵی ١٩٧٦تا ١٩٧٨ دەبنە پێشمە رگە لە هەرێمی پارێزگاری چالاکانە ئەرك وفەرمانەکان جێ بەجێ دەکاوبەلام دواتربەهۆی سەختی ژیانی بنەماڵەکەیان دێنەوە گوندی شەروێت وبەلام بەداخەوەڕژێمی بەعس ساڵی١٩٨٠  باوکی وبرایەکی وبن ئامۆزایەکی دوای زیندانی کردنیان ئیعدامیان دەکاودوای ئەوەش بنەماڵەکەیان ڕوولە شاخ دەکەنەوەو١٩٨٢ لە تیپی ٦١  ی کوڕەش شە هیدی نەمر بە هۆی ئازایەتی و بوێری یەوە پلەکانی پێشمە رگایەتی دەبڕێ وچە ندین شوێنی پێشمەرگایەتیش شاهیدی دڵسۆزی و بوێری وقسەخۆشی ئەون لە سنوری تیپەکانی ٦١ ی کوڕەش و ٥٦ ی گەلاَڵەو ٧٩ ی سادرتاوەکو دوا پلەی پێشمەرگایەتی  دەبێتە فەرمادەی تیپ لە ٥٤ ی گەلاَڵەو بە شداری سەرجەم شەڕەکانی شاخ وشار  دەکات و بەداخەوەلە ١٩٩٤/٨/١٨ لەنزیك گوندی شیوەڕەزلە شەڕی ناوخۆ شەهید دەبێ



شه هید سلێمان مراد كاك عبدالله

ساڵی ١٩٥١ له گوندی گرتك له خێزانێكی كورد پەروەرو هەژار له دایك بوەو بژێوی ژیانی خێزانەكەی به به خێوكردنی مه ڕو ماڵاَت و كشتوكاڵ و كه سابەت بردۆته سەرو بەهۆی سەختی ژیانەوه تەنهاخوێندنی سه رەتای ته واو كردوەو بەلاَم هەمیشه ئازاری میلله تەكەی هانی داوەو كه زوو په یوەندی به ڕیزەكانی ڕێكخستنی كۆمەڵەوه دەكات له ساڵی ١٩٧٦ ئەركه چینایەتی ونه ته وایەتیەكانی به شێوەی كپ وچالاكانه ئەنجام دەدات تا ١٩٧٨ له هەرێمی پارێزگاری دەبێته پێشمه رگه و به شداری سه رجەم كارو چالاكیەكانی سنوری هەرێمەكەی دەكات و خەون و ئاواتەكانی له پێشمەرگایەتی دا دەبینێتەوەو تا بۆ دواجار كه به ئەركی پێشمه رگایەتی دێنه خوارەوه بەلاَم بەداخەوه دەكەوێته بۆسەی دوژمنەوەو له دۆڵی سێوەیس له ساڵی ١٩٧٩ شەهید دەبێ و تەرمەكەشی دەكەوێته دەستی دوژمن وه شه هیدی نەمر دوای خۆیشی سێ كوڕو دوو كچی جێ هێشتوه



**شه هيد شوانه موسا أحمد**

**سالّی ١٩٥٣ له گوندی دەرووكۆتر لەخێزانێكی هەژارو نیشتمان پەروەر له دايك بوەو بژێوی ژيانيان له سەربەخێوكردنی مه ڕومالات بوەو بۆ ئەم مەبەستەش هەميشه گەرميان و كوێستانيان كردوەو هەر لەوێشەوە ئاشنايەتی لەگەڵ هێزی پێشمه رگەدا په يدا كردوه و لەگەڵ هەڵگيرسانەوەی شۆڕشی نوێ دا له سالّی ١٩٧٦ بوه يەكيك له پێشمەرگه دڵسۆزەكانی ميلله ت لەهەرێمی پارێزگاری و بەهۆی ئازايەتی و خۆڕاگرييەوە پلەكانی بڕيوەوتا بۆته فەرماندەی كەرت له هەرێمی ١٤ی ئاكۆيان زۆر سەركەوتوانه به شداری سه رجەم شه ڕەكانی سنورەكەی كردوەو شوێن پەنجەو تفەنگی دياربوه له هەموو كارو چالاكيەكاندا و ئازايانه ڕوو بەڕوی مەرگ بۆتەوە تا له سالّی ١٩٨٣ له داستانی گرتنی بێتواته دا شەهيد دەبێ**



**شه هید عباس زرار عمر**

**ناسراوبه کرێکارساڵی ١٩٧٢ له خێزانێکی هەژارو نیشتمان پەروەرودڵسۆزله سنگسر چاوی بەژیان هەڵهێناوەو هەرلەمناڵیەوەعه شقی شۆڕش و پێشمەرگه دەبێ وهەتا ناوەندی درێژەبەخوێندن دەداوبۆبژێوی ژیانی خێزانەکەی مل ئەداته کارکردن و هەرله وێشەوه هەستی چینایەتی لا په یدا ئەبێ وساڵی ١٩٨٨ پەیوەندی بەحیزبی شوعی دەکات وکارایانه ئەرك و فه رمانەکانی ئەنجام ئەداو هەرله هەمان ساڵیشدا دەبێته پێشمه رگه لای کاك سەلیمه سورو زۆربوێرانه به شداری سەرجەم چالاکی سنورەکەی دەکات سەرەرای له تەمەندا زۆر مناڵ دەبێ بەلام لەکارو فەرمان ووریاو بەهێزو زیرەك ووشیارو خۆشەویستی ناو هێزوخەڵکەکەی دەبێ وبەلام بەداخەوه له ساڵی١٩٩١ لەگەڵ را پەڕینی خەلکی کوردستاندا‌له ١٩٩١/٣/٨ له چنارۆك شەهیدبو**




**شه هید عبدالرحمن حسن رسول**

ناسراو به عبدالرحمان سێوەیسی له سالّی ١٩٤٢ له خێزانێكی خاك پەروەرله بناری قەندیل له گوندی سێوەیس له دایك بوەو له تەمەنی منالّیشیدا خەریكی خوێندن بوەلای مەلاو بۆتە فەقێ و له هەمان كاتیشدا به كاری شوانكارییه وه خەریك دەبێ و لەگەلّ سەرهەلّدانی شۆڕشی ئەیلول تاوەكو نسكۆ بەشدار دەبێ و پلەی جۆراو جۆر دەبڕێ و لەگەلّ هەلگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ ١٩٧٦ دووباره دەبێته پێشمه رگەو به هۆی ئازایەتی و خۆڕاگرییەوە چەندین پلەی ترده بڕێ تا فه رماندەی كەرت و دوایش لەسالّی ١٩٧٩ دەبێته سۆسیالیست و له وێش وەكو فه رماندەی هەرێم ئەركەكانی ڕا دەپەڕێنێ و له سالّی ١٩٨٣ دێتەوە ناو ڕیزەكانی یەكێتی و وەكو فرماندەی تیپی٥٦ گەلاّلّه دەست بەكار دەبێ و بەشداری سەرجه م شەڕو نەبەردییەكانی سنورەكەی دەكات وبەداخەوە له بەرواری ١٩٨٨/١٠/١٤ له زەلّێ به ڕووداوێكی دلّته زێن شه هید دەبێ



شه هید عبدالله خدر مام نبی

ناسراو به فقێ عبدالله له گوندی کاسکان له لانەوەو بنکەی شۆڕش له بناری قەندیل لەخێزانێکی کورد پەروەر له دایك بوەو بژێوی ژیانیان بەهۆی مەڕداری و کشتوکاڵ و ڕەزو باخەوە بوو وە سەرەتای ژیانی لەحوجرەی فەقێ یان بردۆتە سەرو هەرلەم کاتەشدا خولیاو ئەشقی کوردایەتی هەست و بیری ئاوداوەو لەگەڵ هەلگیرسانە وەی شۆڕشی نوێ دا له ساڵی ١٩٧٦ له هەرێمی پارێزگاری بۆتە پێشمە رگە بە هۆی بوێریەوە بۆتە فەرماندەی مە فرەزە و بەئازا یەتی و نیشانە شکێن ناوبانگی دەرکردبوو تا دوا جار له له شه ڕێکی بەرگری و قارەمانانە له بناری قەندیل له چیای ساوین له ساڵی ١٩٧٧ شەهید بوو




شه هید عبدالله ڕەسوڵ محمود عبدالله

ناسراو به عبدولاّ سوور ساڵی١٩٤١ لەبناری قەندیل لەگوندی ئێندزه که دەکاته نەوەی عبدالله ئاغای گه وره له تیرەی باوەبیه له خێزانێکی کورد په روەر چاوی به ژیان هەڵهێناوەو هه ر له منالێشه وه خولیاو عه شقی خاکی کوردستان بوەو کاتی خۆی به هۆی مەڕدارییانه وه له کوێستان یەکێك له بنەماڵەکەیان دەکه وێته بیرەوه و دەخنکێ وشه هیدی نەمر به ناوی ئەوەوەدەکرێ وباوکیشی له شۆڕشی مهابادا بەشدار دەبێ و گوندەکەشیان بەهۆی ئەوەی لانەی شۆڕش بوەچەندین جارسوتاوەو ڕوخاوه و ڕاگوێزراوه و به هۆی ئەوەی باوك ودایکی دەمرن بۆیه تەنها تا چواری سەرەتای دەخوێنێ و له شۆڕشی ئەیلولیش له ساڵی١٩٦٣ دەبێته پێشمەرگەو بەهۆی جوامێری وئازایەتیەوە دەبێته سەر پەل له هێزی کاوه بەشداری وسەرپەرشتی زۆر لەشەڕو داستانەکاندا ئەکاو هەرئەمەش دەبێ لەلایه مەلا مستەفای بارزان خەلاّت دەکرێ وهەتا نسکۆ بەردەوام دەبێ ودواتر لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ دا له ساڵی ١٩٧٦ بەخۆی و هەندێك لەخزمانی لای شەهید دکتۆر خالید له بزوتنەوەی سۆسیالیستی دەبێته پێشمەرگەو چالاکانه ئەرکەکانی ئەنجام دەداوبەشداری سەدان چالاکی و دەکاوچیاو دۆڵەکانی کوردستان لەگەرمیان وکوێستان وبالەکایەتی و بنارو دەشتەکان شاهیدی ئازایەتی وبوێری ودلسۆزی ئەو ئەدەن هەرئەمەش وای کرد له ناودۆست ودوژمن بناسرێ و پلەی پێشمەرگایەتیش به سەرکەوتوی ببڕێ وتادەگات به فەرماندەی هەرێمی ١٤ ی ئاکۆیان ودوژمن سێ جار هەوڵ ئەدا تیرۆری بکات تا بەداخەوەچەندجاریکیش بریندارەدەبێ و تا له ٢٨/ ١٠/ ١٩٨١ له شەڕی ناوخۆ له گوندی خەزێنەی دۆڵه ڕەقه له شەهید دەبێ و دوای خۆیشی سێ کوڕوچوار کچ جێ دەهێڵێ بەم ناوانه ( حمەدەمین و أحمدو قارەمان وخەجیج و مریەم و ئامینەو نەسرین )



**شه هيد عبدالله محمد عبدالله**

ناسراو به عبدالله فقێ ساڵی ١٩٦٩ له خێزانێکی جوتیار و نیشتمان پەرەر له سه نگه سه رلەدایك بوه و خوێندنی سەرەتای و ناوەندی لەم شارۆچکەیەدا تەواو کردوەو بەهۆی بونی هەستی چینایەتیەوە له ساڵی ١٩٨٦ پە یوەندی به ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوه دەکاو کارو چالاکیەکانی ناوشار ئەنجام دەدات وساڵی ١٩٨٧ دەبێتە پێشمەرگه له سنوورەکانی تیپی٦٣ ی جوتیاران و تیپی٦١ ی کۆڕەش وبەشداری سەرجەم شەڕەکانی سنوورەکەی دەکات بەلام بەداخەوه له ١٩٨٩/٢/٢٠ بەهۆی جاسوسی کردنی شوێنەکەی دوژمن به هێزێکی زۆره وه پەلاماری ئەدا له ناحیەی سەنگەسەر له٢٠ /١٩٨٩/٢ به دیل دەگیرێ و دوای ئەشکەنجەی زۆر له١٩٨٩/٤/٦ له ئەمنەکەی سلێمانی گولله باران دەکرێ



**شه هید عزیز عبدالله عباس**

ناسراو به ئارام له ساڵی ١٩٥٩ له سوڵتانەدێ له خێزانێکی هەژاری جوتیاری نیشتمان پەروەر له دایك بوه و هه ر زوو له نازو خۆشه ویستی باوەشی دایکی بێ به ش دەبێ و به هه تیوی گەوره دەبێ و ژیانێکی پر له نەداری و ئازار به سه ردەبا و شان ئەداته به ر کاره گه ورەکان و له شۆڕشی ئه یلولیش به شداری دەکاو وه له ساڵی ١٩٧٧ بۆ ماوەی مانگێك دەگیرێ و بەهۆی خۆڕاگیرییەوه ئازاد دەبێ و هەر له هەمان سالیشدا دەبێت پێشمەرگەو چالاکانه ئەرکەکانی ڕادەپەڕێنێ و به هۆی ئازایەتیەوه له هەرێمی پارێزگاری دەبێته فەرماندەیەکی لێهاتوی مەفرەزه تا له ١٩٨٠/١٠/١٣ له شەڕێکی دەستەو یه خەدا له بەنه باریکی پشتی گرتك شەهید دەبێ و دەچێته کاروانی نەمرانەوه




شه هید علی حسن خدر

ناسراو به عەلی حاجی حه سه نی قەلاوه له ساڵی ١٩٥٧ له خێزانیکی کورد پەروەر له گوندی قەلاوه له دایك بووەو بژێوی ژیانیان بەکشتوکال کردن بردۆته سەرو وەهەر له گوندەکەی خۆیان خوێندنی سەرەتای تەواو کردووەو بەلام بەهۆی هەستی کوردایەتیەوه نەیتوانیوه درێژه به خوێندن بداو له ساڵی ١٩٨٧/٥/١٠ دەبێته پێشمەرگه له تیپی ٥٦ ی گەلاڵه وتیپی٤٤ چەکوش و بەتالیۆنی٣ و بەشداری سەرجەم شەرەکانی پێشمەرگایەتی دەکات له سنورەکەداوهەر بەهۆی ئازایەتی خۆی دەبێته جێگری کەرت تاوەکو له ساڵی ١٩٩٠ له شەڕ ناوخۆ له هیران شەهید دەبێ دوای خۆیشی ٣ کوڕو ٥ کچی جێهێشتوه




شه هيد عمر عبدالله عمر ئالّی

سالّی ١٩٥١ له خێزانێکی هه ژارو دلّسۆز له دايك بوه و له گوندی گرتك هه ر له منالّيەوه بەكارو كه سابەت خەريك بوو وه هەستی چينايەتی و نيشتمانی لا بەهێز بوەو بۆيه هەر زوو پەيوەندی به شۆڕشەوه دەكات له سالّی ١٩٧٦ وەكو دلّسۆزێك هەميشه خۆی له ڕيزەكانی پێشه وەی سەنگه ردەبينیٚ و بەشداری تێكڕای شەڕ و نه بەردييەكانی شۆڕش دەكات لەگەلّ قادر خەبات بەلاّم به داخەوه له سالّی ١٩٧٧ له زينویٚ ماخۆ بزنان دەكەوێته بۆسەی دوژمنەوەو دوای شەڕێكی قورس شەهيد بوو



**شه هید عمر فقێ حسێن**

ناسراو به شه پۆلساڵی١٩٦٤ لەگوندی سەرگەینێڵ لەبناری قەندیل لەبنەماڵەکی شۆڕشگێڕو نیشتمان پەروەر لەدایك بوەوخوێندنی سەرەتای تەواوکردوەو لەساڵی ١٩٧٦ دەبێتە پێشمەرگەو بەڵام بەهۆی سەختی ژیانیانەوە لە١٩٧٧ دێتەوەو بەڵام لە گەڵ ڕێکخستنەکانی ناوشاردا کاردەکاو دڵسۆزانە ئەرکەکانی ئەنجام دەداوبەهۆی کار کردنی لەناو شاردالە ساڵی ١٩٨٠ بۆماوەی ساڵێك لەزیندانەکانی موسڵ دوای ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێ بەلام بەحوکمی ئەوەی تەمەنی بچوك دەبێ ئیعدام ناکرێ و دواتر حوکمی ٣ ساڵ زیندانی بۆدەردەچێ ودواتریش بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێ لە سالی١٩٨٦ دەبێتە پێشمەرگە لەتیپی٧٤ ی باڵەك و دوای تیپی٧٣ ی قەندیل و٨٣ ی هەورێ و ئازایانە بەشداری سەرجەم شەروداستانەکانی سنورەکەی دەکا تا بەداخەوە لەسالی ١٩٩١ لە معسکر کەیوانی کرکوك شەهید دەبێ دوای خۆیشی ٣کوڕو٤کچ جێ دەهێڵێ



**شه هید عولاّ محمد کاملا قادر**

شەهیدی نەمرلەساڵی ١٩٥٥ لە گوندی گرتك لەخێزانێکی هەژارو کورد پەروەر لە دایك بوەو ژیانی بژێوی خۆیان بەمەڕو مالأت بردۆتە سەرو هەستی چینایەتی و نەتەوایەتی کاری تێ کردوەوهەر زوو ئاشنایەتی لەگەڵ یەکێتی و هێزی پێشمەرگەی سنورەکە پەیدا کردوەو لەگەڵ هە لگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ لەساڵی ١٩٧٦ لە بناری قەندیل لە هەرێمی ١٤ ئاکۆیان دەبێتە پێشمەرگەو وەکو کەسێکی خۆنەویست و کپ و چالاك ئەرکەکانی رادەپەڕێنێ و بەشداری سەرجەم چالاکیەکانی سنوری هەرێمەکەی دەکا تاوەکو ڕۆژی ٨/١٦ /١٩٧٩ فڕۆکەکانی دوژمن پەلاماری ( مەکێ )بەخەستی دەدەن ناوچەکە دەسوتێ وسێ پێشمەرگە بەناوەکانی (محمدو سۆرکان وقادر )دەبنە قوربانی وەشەهیدی نەمر دایك وباوکی کۆچی دواییان کردوەو تەنها دووبراو خوشکی بەناوەکانی (حمەدەمین و مولودو فاتم وئەستی )لەدوای خۆی ماون



**شه هید مەلا قادر عولاٚ رسولٚ**

**ناسراو بە مەلا شایب ساڵی ١٩٤٣ لە دامێنی چیای قەندیل لە گوندی ئەستێرۆکان لە بنەماڵەیەکی هەژارو نیشتمان پەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوەو لەگەڵ هەلگیرسانی شۆڕشی نوێ دا لە سالی ١٩٧٦ بەخۆی وچوار براوە لە هەرێمی پارێزگاری دەبێتە پێشمەرگەو چالاکانە ئەرکەکانی ئەنجام دەداو بەشداری سەرجەم شەڕونەبەردیی وداستانی سنورەکەی دەکات وە لەشەڕی هەڵەبجە بە خەستی بریندارەبێ وهەربە هۆی ئەم برینەی کیمیاوییەوە دەبێ لە سالی ١٩٩٣ کۆچی دوای دەکات**



**شه هید مجید عبدالله فقێ**

له ساڵی ١٩٥٨ له گوندی ئێندزێ له دامێنی بناری قەندیل لانکەولانەی شۆڕش چاو بەژیان هەڵدێنێ وبنەماڵەکەشیان بەکشتوکاڵ ورەزووباخەوە خەریك دەبن وشەهید هەرلەم گوندەدا ژیانی هاوسەری پێکدەهێنێ لەساڵی١٩٧٨ بەلاْم هەستی نەتەوەکەی ڕۆژبەڕۆژلا گەورەو پیرۆزتردەبوو بۆیە لەساڵی ١٩٧٧ لەهەرێمی ١٤ ی ئاکۆیان دەبێتە پێشمەرگە لای شەهیدعبدولاْ سوور وبەشداری سەرجەم شەڕوچالاکی وداستانەکانی سنوری هەرێمەکەی دەکات تا ١٩٧٩/٥/٢٦ لەگوندی دیلمانی ناوچەی قەسرێ دەکەوێ تە بۆسەی دوژمنەوە دوای شەڕێکی بەرگری وقارەمانانە بەبریندراری دەگیرێ ودوای ئەشکەنجەیەکی زۆرهەرلەوێ شەهیددەکرێ ودوای خۆیشی کورێکی دەبێ بەناوی مەجیدوئەوکاتەی باوکی شەهید دەبێ ئەم لەسکی دایکی دا کۆرپەلە دەبێ وبۆیە بەناوی شەهیدی باوکیەوە دەکرێ



**شه هید محمد ئەحمەد ڕسوڵ**

**ساڵی ١٩٥٧ لە ناحیەی میرزاڕۆستەم لە دامێنی چیای کۆسرەت لە بنەماڵەیەکی دلسۆزوکورد پەروەر لە دایك بوەو هەر لە منالیەوە هەستی بۆ گەلەکەی دەبزوێ بۆیە هەر زوو لەگەڵ هەلگیرسانە وەی شۆڕش نوێ پە یوەندی بەڕیکخستنەکانی یەکێتیەوە دەکاولە هەمان کاتیشدا وەکو پۆلیس ئەرکەکانی ئەنجام دەدات لە هێرۆ لە ساڵی ١٩٧٦ دوای ئەوەی ٤ چەك لەو بنکەی پۆلیسە دەفڕێنێ ودەچێتە شاخ و لە هەرێمی پارێزگاری دەبێتە پێشمەرگەو چالاکانە دەجەنگێ وڕژێمی بەعسیش لە تۆڵەی شه هیدمحمد دا هەموو سەر خێزانەکەیان دەگرێ و کە ژمارەیان ١٠ کە س دەبن بۆماوەی ٨ مانگ لە زیندانی سلێمانی و ناسریە وشه ترەلە ژێر ئەشکەنجەو ئازار دائەبن و شه هیدی نەمریش لە بەر ئەوەی باوکی زۆر بەتەمەن دەبێ وبۆیە بەناچاری وبە ئاگاداری شۆڕش تەسلیم دەبێتەوەو دواتر ماڵەوەیان ئازاد دەکرێ و ئەمیش درێژە بە ئەرکەکانی دەداو تا بۆ دوەم جارلە ساڵی ١٩٧٩ لای شه هید معسین بایز کە ئامۆزای خۆی دەبێتە پێشمەرگەو زۆر دڵسۆزانە کارەکانی ئەنجام دەدات و بەشداری سەرجەم نە بە ردی و شەڕەکانی سنورەکەی دەکات تا بەداخەوە لە ساڵی ١٩٨١ لە گوندی بۆسکین دەکەوێتە بۆ سەی دوژمنەوەو شه هید دەبێ و دوای خۆیشی هە ردی و شه هێن بەجێ دەهێڵی**



**شه هید محمد حاجی علی موسا**

**ناسراو بەهەڵۆ ساڵی ١٩٦٩ لەبنکەولانەی شۆڕش لەدامێنی چیای سەرکەشی قەندیل لەخێزانێکی هەژارونیشتمان پەروەرلەگوندی سینەمۆکە ی قەشەنگ وجوان وچاوی بەژیان هەڵهێناوەوهەرلەمنداڵیەوەچوە بەرخوێندن وبەهۆی نەداریەوەتوانی سەرەتای تەواوبکاودواترملی دایەبەرکارکردن بۆبژێوی ژیانی خێزانەکەی بەڵام خەمی نەتەوەکەی لەسەروی هەمووشتێکەوەبوو بۆیە بەرلە دەسپێکی ئەنفالەکان لەساڵی ١٩٨٨ خۆی دەگەیێنێتە بناری کۆسرەت و لە تیپی ٩٩ ی بیتوێن دەبێتە پێشمەرگەوچالاکانەو بوێرانە بەشداری سەرجەم شەڕو نەبەردییەکانی سنورەکەی دەکاوسەرەڕای کەمی تەمەنی پێشمەرگایەتی بەلام زوو شارەزای وچاونەترسی کەبەحەق هەڵۆبووهەموپێشمەرگەکانیش شاهیدی ئازای و گیان فیدای شەهیدهەڵۆ بون تابەداخەوەلەزستانی هەمان ساڵدا (١٩٨٨ )بۆبەرگری کردن لە ئەنفالەکان وسنوری سەرکردایەتی کەدوژمن لە (٢١ )قۆڵەوەهێرشی کرد بوەسەر هێزی پێشمەرگە دوای شەڕوبەرگرییەکی کەم وێنە لەداری زکریای خوڕ خوڕە شه هید دەبێ**



**شه هید محمد خدر حسن**

ناسراو محمد کوێخا خدر له ساڵی ١٩٦١ له بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕو نیشتمان پەروەرله گوندی قەلاوه له دایك بوەو سەرەڕای خانەدانیان بەلام هەمیشه بیرو هەستیان لای نیشتمانه کەیان بوەو بەرەنج و بازووی خۆیان ژیانیان بەسەرردوەو وەکو بنەماڵەیەکی یەکێتی له ساڵی ١٩٧٦ خێزانەکەیان ڕویان له شاخ کردوو شەرەفی مەفرەزه سەرەتاییەکان له بناری قەندیلیان پێ براو شەهیدی جوانه مەرگیش هەڵۆ ئاسا بەشداری شه ڕەکانی سنوری خۆی کردوو نمونەی پێشمەرگه بوو تا له ساڵی ١٩٧٩ له گوندی گۆڕەشێر له شەڕی ناوخۆ شەهید بوو



**شه هید محمد خدر حمه**

**ناسراو به محمدی خدر حەمۆڵی له ساڵی ١٩٥٤ لەخێزانێکی هەژارو نیشتمان پەروەرله بناری قه ندیل لەگوندی کۆمیتان چاوی به ژیان هەڵهێناوەوبژێوی ژیانی ماڵەوه شیان له سەر کشتوکاڵ ورِەزوباخ بوەو هەرله بەرهەژاری و نەداری نەیتوانی درێژه به خوێندن بداوهەستی کوردایەتیش وای لێکردله ساڵی١٩٧٦ له هەرێمی ١٤ ی ئاکۆ ببێته پێشمەرگەو بەشداری شەڕەکانی بناری کێوەڕەش و سماقوڵی وبەستی هەریرو تاقۆڵان و رانیەو چوارقوڕنه ...هتدچالاکانه بکات و له شۆڕشی ئەیلولیش بەشداربو بەلام بەداخەوه دوای شەڕێکی کەم ژیان و کەڵ ژیان له شاخی کێوەڕەش – دۆڵێشك له ١٩٨٠/١١/١٧ وەکو فه رماندەی که رت شه هید دەبێ ودوای خۆیشی دووژن وپێنج منال به ناوەکانی (گوڵ وڕابی )که هه ردوکیان هاوسەری شه هیدن وهەروەها ناوی مناڵەکانیشی (مخلیس و قادرو مریەم وسیوەیلا و کوردستان جێ هێشتوەو**



**شه هید محمد رسولٚ عبدالله**

**ناسراو به محمدی رسوی ئالْلاٚ له سالٚی ۱۹۵۳ له خێزانێکی کورد پەروەر و دلسۆزله سه نگەسەری کۆن چاوی به ژیان هەڵهێناوەو بژێوی گوزەرانیان کشتوکالٚ بوه و وەخوێندنی سەرەتای وناوەندی له سەنگەسەرو قەلاٚدزه تەواو کردوەو دواتر بەهۆی ئەوەی شه هیدی نەمر بەشداری شۆڕشی ئەیلول دەکات بۆیه له خوێندن دادەبڕێو ماڵەوەشیان ئاواره دەبن و ناوبراویش وەکوکاتب لەهێزی کاوەئەرکەکانی جێ بەجێ دەکاو تا نسکۆ درێژەبه خه بات دەداو لەگەلٚ هەلٚگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ له سالی ۱۹۷٦ په یوەندی به ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات و چالاکانه کارەکان ڕادەپەڕێنێ بەهۆی چالاکیەکانیەوە ئاشکرا دەبێ و لەلایەن رژیم دەگیرێ له سالی ۱۹۷۸ له هەیئەی کرکوك دوای ئه شکه نجەو ئازارێکی زۆرو په ی نەبردن به شه هیدی نەمرەوە ئازاد دەبێ وله سالٚی ۱۹۷۹ له ناوزەنگ له هەرێمی پارێزگاری دەبێته پێشمه رگەو به هۆی وشیاری و ئازایەتیەوە دەبێته فەرماندەی مەفرەزەو دلٚسۆزانه ئەرکەکانی به جێ دەگەێنێ و له هەمان کاتیشدا زۆر هۆگری دەنگی ماملێ دەبێ وله هەمان کاتیشدا سەرتاشێکی باش و بوە و بەلاٚم به داخەوە له ۱۹۷۹/۱۲/۳۱ له گوندی دۆڵەتوو بەهۆی کێشەی شەڕی ناوخۆوە شه هید بوو**



**شه هید محمد رسولٚ محمدأمین**

ساڵی ١٩٦٨ له گوندی گرتك له خێزانێکی نیشتمان پەروەرله دایك بوەو بەهۆی هەڵکەوتەی گوندەکەیانەوە به شوانی ومه ڕو ماڵآتەوه بژێوی ژیانیان دەبرده سەرو هەرلەم ڕوانگه شەوەهەستی چینایەتی لای بەهێز دەبوو له هەمان کاتیشداخۆشەویستی بۆنه ته وەکەی و پێشمه رگه زیاتردەبوله ژیانی فه قێ یایەتی زۆر هێمن و پابەند بوه وله ساڵی ١٩٧٦ په یوەندی بەڕیزەکانی حیزبی شوعیەوه کردوەوچالاکانه ئەرکەکانی ڕا پەڕاندوەو دواتر له ساڵی ١٩٧٩ دەبێته پێشمەرگەو زۆرئازایانه پلەکانی عسکری دەبڕێ وجارێکیش بریندارده‌بێ ودوا پله شی دەێته لێپرسراوی لقی پشدەرو بەداخەوه له ١٩٨٣/١٢/١٠ لەگوندی سونێ بەهۆی شه ڕی ناوخۆوه شه هید دەبێ



**شه هيد محمد عبدالله حمد**

ساڵی ١٩٦٣ لەگوندی سەرگەینێل لەدامێنی بناری سەرکەشی قەندیل قەندیلی لانەی گەل وشۆڕشی پێشمەرگە چاوی بەژیان هەڵهێناوەو بەهۆی هەژاری ونەدارییەوە تا پۆلی دوەمی ناوەندی خوێندوەو بۆ بژێوی ژیانی خێزانەکەی بەکاروکاسبی ومەڕو ڕەزو باخەوە خەریك دەبێ وبەلاّم هەرلەمنالّیەوەعەشق وخولیای نیشتمانەکەی دەبێ وساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکاوکپ وچالاکانە ئەرکەکانی ئەنجام دەداو لە ساڵی ١٩٨٠ لەتیپی ٧٩ ی شەهیدان دەبێتە پێشمەرگەو بەشداری شەڕوداستانەکانی سنورەکەی تیپەکەی دەبێ لەسەر هێرشکردنە جەیشی شعبی چوارقوڕنەو ڕەبیەکانی گرجان و قەلاتوکان و ...هتد کردوەو بەلاّم بەداخەوە لە ٦ /١٩٨٢/١ لەگوندی سەرکەپکان دەکەوێتە بۆسەی دوژمن و دوای شەڕێکی دەستەو یەخەشەهید دەبێ وتاوەکو ئێستاش تەرمەکەی نادیارەو وەکوسەربازێکی ون بۆ خاکی کوردستان گیانی بەخت دەکا




**شه هید محمد محمود کاکه ڵلاّ**

ناسراو به ئاواره له ساڵی ١٩٦٦ له سەرکه پکان له خێزانیکی هەژارو نیشتمان پەروەر چاوی به ژیان هه ڵ هێناوەو دواتر ماڵیان هاتۆته سەنگه سه رو به هۆی بونی هه ستی چینایەتیەوە له تەمه نی لاوێتیەوە پەیوەندی به ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە دەکاو کپ و چالاکانه ئەرکەکانی سەشانی ئەنجام دەداو تا له ساڵی ١٩٨٦ له بناری قەندیل له کەرتی شەهید علی مام رسولٚ دەبێتەپێمەرگەو زۆر سەرکەوتوانه کارەکانی دەکاو له سەرجەم چالاکیەکان دەوری دیار دەبینێ و تا له شەڕی ناوخۆ ساڵی ١٩٩٤ له چیای بادینباڵ له گوندی دارەشمانه شه هید دەبێ دوای خۆیشی کوڕێك به ناوی ڕەنجدەر جێ دەمێنێ



**شه هید محمد هه مزه ڕەشید**

ساڵی ١٩٦٥ له گوندی سوڵتانەدێ له خێزانێکی جوتیارو نیشتمان پەروەر له دایك بوەوخوێندنی سەرەتای و ناوەندی له سوڵتانەدێ و سەنگەسەر تەواو کردوەو دواتر بۆ تەواوکردنی خوێندن ڕوو دەکاتە قەڵادزەو تا پۆلی پێنجەمی زانستی دەخوێنێ و بەهۆی سەختی بژێوی ژیان واز دێنێ و ڕوو دەکاتە کار کردن و به هۆی بیرو بازوی خۆی وگەڵاڵە بونی هەستی چینایەتی له ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی به ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات وچالاکانه ئەرکەکانی ئه نجام دەداو ڕۆڵی شیاو دەبینێ و له ساڵی ١٩٨٣ له تیپی٤٣ ئاسۆس له که رتی ڕێکخستن قەڵادزێ دەبێته پێشمەرگەو ڕۆڵی جوامێرانەو دڵسۆزانه دەبینێ و بەشداری سەرجەم شەڕو چالاکیەکانی سنورەکەی دەکات تا لەڕۆژی ١٩٨٦/٢/١٢ له سەرجادەی قەرەته په داری گردی هێزێکی زۆری دوژمن دەبێته شەرو لەم نەبەردییەدا دوای شەڕێکی زۆر به سەختی بریندار دەبێ و دوای شەوێك تەرمەکەی دەدۆزنەوەو که شەهید بووه

شەهید محسین بایز



ئەوانەی ئەمڕۆیان دروستکرد بەخوێن و ماندوو نەناسیان و شەوە تاریك و ترسناكەكانیان ڕۆوناك كردەوەو بەهێزو بیرو بازویان مێژوویان بۆ گەلی كورد نوسیەوەو بەكۆڵە پشتەكانیان لەپەنای دارو بەردو ئەشكەوتەكاندا بژێوی ژیانیان بەسەر ئەبردو نەیان ئەزانی سەرماو گەرما چی یە و زیندان و تۆپ و تانك و فڕۆكەی دووژمن ورەی بەرزیان نەئەهاتە خوارەوەو كارو خەباتیان شان دانەبەری كاری گەورەو پیرۆز بوو وەخەویان بەئازادی ئەمرۆی كوردستانەوە دەبینی و گەرمیان و كوێستانیان بۆ نەبوو لەهەمان كاتیشدا دوور لەسۆزو خۆشەویستی مناڵ و كەسوكارەكەیان و لەئاوارەیی دەژیان خەونی هەموو گەلی كوردیان لەكۆل خۆیان كردبوو ئەم خەونەش بەخوێن و فرمێسك و جینۆساید و ئەنفال شەهیدانی گەلی كوردستان هاتەدی و زۆر لەو پێشمەرگانەش كەئەمرۆیان دروست كرد نەیان بینی و ، بەڵام لەگۆڕدا دڵنیان كەخەباتیان بەفیرۆ نەچووەو چاوەڕێن لەهەڤاڵەكانیان كەدرێژە پێدەرو خاوەنی گۆڕان و داهێنان بن لەپێناوی خزمەتی گشتی و وەشەهید محسین یەكێك لە كادیرو فەرماندە چالاك و چوستانە بوو هەر لەسەرەتای لاویەتیەوە هەستی بەچەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی گەلەكەی كردو لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ ی دوای نسكۆ پەیوەندی بەڕیزەكانەوە كردوو یەكێك لەو فەرماندانەیە كەشەرەفی هەڵگیرسانەوەی ئەم شۆڕشەی پێ براوەو ساڵی ١٩٧٧ وەكو مەفرەزە سەرەتایی یەكانی بزوتنەوەی سۆسیالت دەوری كارای بینیوەو جگە لەوەی كە ( ٣ ) جار بریندار بووەو لەلێواری مەرگ گەڕاوەتەوەو خاوەنی دەیان داستان و شەڕی دەستەویەخەی شاخ و شار بووەو یەكێك بووە لەهەرە فەرماندە دیارو جوامێرەكانی حیزبی سۆسیالستی كوردستان شوێن پەنجەو پەلەپیتكەی بەسەر دووژمنانی كوردەوە دیاربوو وەهەموو خەڵكی  شاهیدی قارەمانی و لەخۆبردووی ئەم سەركردەن ئەگەر بچن بپرسن لەقەندیل و ڕۆستێ و خۆشناوەتی و جافایەتی و سورێن و دەشتی هەولێروكۆیە بەحەق وەڵامتان ئەدەنەوە كەشەهید محسین خۆڕاگرو بوێرو دەست و دەم و داوێن پاك و چالاك بووە هەموو ژیانی خۆی لەچیاو دۆڵ و پێ دەشتەكانی لەپێناوی كوردستاندا كردو دروشمی كەم ژیان و كەڵ ژیانی كردە ئامانج و ڕێباز وە ماڵ و مناڵەكانیشی لەپەنا گابەردو ئەشكەوتەكان لەژێر تۆپ و فڕۆكەی دووژمن دابوو بەژیانی كولەمەرگی پڕ لە ئازارو مەرگ ئەرۆیشتن بەڕێوە ، بەڵام سەربەرزو مەرد ئەژیان و هەمیشە كۆڵ بەكۆڵ و ئاوارەبوون پەنا هەرتاشە بەردێك و دارێك ماڵ و پەنایان بوو وە شەهید محسین لەئەنفالدا خاوەنی ئیرادەو بەرگری بوو لەڕاپەڕینیش دا یەكەم مەفرەزەی پارتیزان بوو كەدابەزی یە شاری ڕانیە ورەو جۆش و خرۆشی خستە دڵی خەڵكی دەڤەركەو كەبەداخەوە بەكارەساتێكی دڵتەزێن لەسەنگەسەر شەهید بوو دوای خۆیشی ( كوێستان و كارزان و كاروان و لێزان و كارمەند ) ی جێ هێشتووەو جگە لەكارمەند هەموویان لەئاوارەیی و شاخ دا چاویان بەژیان هەڵهێناوە .

ژیاننامە

شەهید محسین بایز محمد امین ( ١٩٥٥ ) لەمیرزاڕۆستەم لەدایك بوو .

**پلەی خوێندن ( ٣ ) ی ناوەندی**

**ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالست ( ١٩٧٦ ) .**

**( ٦ ) مانگ زیندانی بوو لە کەرکوك**

**ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان ( ١٩٧٧ )**

**پلەکانی شاخ : ئامر هێزی سەرکردایەتی حیزبی سۆسیالست و جێگری هەرێمی ( ١٤ ) ی سۆسیالست و ساڵی ( ١٩٨٢) فەر ماندەی هەرێمی باواجی سۆسیالست و دوواتر ئەندامی مەکتەبی عەسکەری سۆسیالست وە لەگەڵ تێکەڵ بوونەوەی سۆسیالست و یەکێتی دەبێتە ئەندامی مەکتەبی عەسکەری یەکێتی و دوواتر جێگری وەزیری پێشمەرگایەتی لە ( ١١ / ٦ / ٢٠٠٩ ) بەکارەساتێکی دڵتەزێن بەهۆی دەرچوونی تاپڕەوە لەسەر باغەکەی لەسەنگەسەر شەهید دەبێ دوای خۆیشی کچێك و چوار کوڕی جێ هێشتووە .**



**شه هيد(هيوا مغديدعمر)**

**ناسراو بەمامۆستاهيوا سالی١٩٥٧ له شاری کۆيه لەخێزا نێکی نيشتمان پەروەروهەژارلەدايکبوەوتوانيويەتی پلەکانی خوێندن بەسەرکەوتوی تادەرچوی پەيمانگاتەواوبکاولەهەمان کاتيشدابەهۆی هەستی چينايەتيەوە پەيوەندی بەرێکخستنەکانی حيزبی شوعيەوەدەکالەسالٚی ١٩٧٥وەکوئەنداميٚکی کارا ئەرکەکانی رادەپەرێنێ وله سالٚی ١٩٨١ دەبێتە پێشمەرگەوبەهۆی کاروچالاکيەکانی دەبێتە رابەری سياسی لقی پشدرلای سەليمە سور بەلام بەداخەوە بەهۆی شەڕی ناوخۆوەله سالٚی ١٩٨٣ له ڕەزگە شەهيد دەبێ**



شه هیدخدر حمدأمین رسولّ

ناسراو به خدر مەلازاده له سالّی ١٩٦٢ له خێزانێکی جوتیارو کورد پە روەرله ناحیەی سەنگەسە رلە دایك بوەوخوێندنی سەرەتا ی لەم شارۆچکە تە واو کردوەو بژێوی ژیانیان بە هۆی کشتوکالّە وەو بوەوهەمیشە خەمی گە ورەی نیشتیمانەکەی بوەو بۆیە لە تە مە نی لاوێتی لەسالّی ١٩٧٨ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردوەو سەرکەوتوانە ئەرکەکانی جێ بەجێ کردوەودواترلەسالّی ١٩٧٩ بۆتە پێشمەرگە لە قوەتی قەلاتوکان لا ی شە هید عبدالرحیم و بە شداری سەرجەم کارو چالاکیەکانی سنورەکەی دەکاو لە شە وی ١٩٨٠/١٠/٣٠ لە ئۆردوگای بە ستە ستێن دەگەوێتە بۆسەی دوژمنەوەو شەهید دەبێ



**شه هیدخدر قادر عولاّ رسولّ**

ناسراوبه خدر ئەستێرۆکەی لە سالی ١٩٥٢ لە خێزانێکی هەژارو نیشتمان پەروەرلە بناری قەندیل لانەو لانکەی شۆڕش چاوی بوژیان هەڵهێناوەلەگوندی ئەستێرۆکان چاوی بەژیان پشکوتوەو بژێوی ژیانی خێزانەکەشیان لەسەر ڕەزوباخ و مەرومالات دابین دەکاولە سالی ١٩٧٦ دەبێتە پێشمەرگە لەگەڵ چواربراکانی لەهێزی پاریزگاری زۆر بوێرو دڵسۆزانە بە شداری سە رجەم نە بە ردەکانی قەندیل ومەڵبەندی سێ و دۆڵی خانە قاو کوردستانی ئێران و ....هتد دواتر بۆدرێژەدان بە خەبات دەچێتە تیپی٧٤ باڵەك وبەلام بەداخەوە لە ساڵی ٢٠٠٨ بەهۆی نەخۆشیەوە کۆچی دوای دەکا ودوای خۆیشی سێ کوڕو کچێك جێ دەهێڵێ  بەناوەکانی مرادوحاسڵ وحاتم وبێری



شه هيدرسولْ محمدأمين مستەفا

ناسراو بە حاجی ساڵی ١٩٤٩ لە بنەماڵەیەکی هەژاری جوتیار لەدامێنی بناری قەندیل لەگوندی شیوە لەدایك بوەوهەر لەمناڵیەوە شان بەرئەداتە بەرکارو کەسابەتو کشتوکاڵ و بەلأم هەرزوو هەست بەئازارومە ینەتیەکانی گەلەکەی دەکاوبۆیە لە ساڵی ١٩٧٦ دەبێتە پێشمەرگە لە هەرێمی١٤ ی ئاکۆیان هەروەها ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەش دەبێ و بەشداری سەرجەم شەڕونەبەردییەکانی هە رێمەکەی دەکاو هەر بە هۆی بوێری و لێهاتوویەوە دەبێتە جیگری کەرت بەلام بەداخەوە لە١٩٧٩/٥/٥ لەشێبانی سەرکەپکان بەپیلانێك شەهید دەبێ



**شه هید (عبدالله مەنگوری سەلیم بایز)**

ناسراو بە عبدالله مە نگوڕی لە ساڵی ١٩٥٠ لەگوندی کە نجارەی سەر بەناحیەی سەنگەسەر لە خێزانێکی جوتیارو نیشتمان پە روەرهاتۆتەدنیاوەو لە بە رسەختی ژیان نە یتوانیوە درێژە بە خوێندن بدا تە نها سەرەتا ی تە واو کردوەو لە ساڵی ١٩٧٦ پە یوەندی بە ریکخستنەکانی کۆمە ڵە وە کرد وەو کپ وچالاکانەکارەکانی را پە ڕاندوە و لە سنوری پشدەر و بیتوێن بۆیە ئیستغباراتی قەڵادزە بە جمو جوڵەکانی دەزانێ ودەیگرێ ودوای ئە شکەنجە و ئازارێکی زۆرڕەوانەی ئەمنی سلێمانی وهەیئەی کرکوکی دەکەن و دوای سێ مانگ دوژمن نە یتوانی ورەی پێ بەربدا بۆیە بەناچاری ئازادی دەکەن و لە ٥/٢٧ /١٩٧٧ لای شەهیدهاوارو خەلیل دەبێتە پێشمەرگەو دواتر دگوازرێتەوە بۆ سنوری هەرێمی پارێزگاری بەپلەی فەرماندەی مەفرەزە ڕۆڵێکی چالاکانەدەگێڕێ لە سنوری هەرێمەکەی دا تاوەکو ١٩٨١/١/١ لە ئۆرد وگای بەستە ستێن دەکە وێتە بۆسە وەوگیانی پاکی بەخاکی کوردستان دەسپێرێ و دوای خۆیشی سێ کوڕوکچێکی بەناوەکانی (محمودو بەیان وئومێدو عبدوالله )جێ هێشتوە



شەهید عبدالرحیم ...

داستانی تەق تەق و قاتعی جەیشی شەعبی دا

بارەگای دە زگای پێشمەرگایەتی مەلبەند ی دوو کە شەهید عبدالرحیم و کاک وەهاب سەرپەرشتیان دەکردلەسەرگەڵو بوو رۆژانە فرۆکە بۆردومانی دەکرد و شەوانەش لە ژێر پارچەی تۆپەکانی رژێم دابوو زۆر لە خەڵك و پێشمەرگە بوونە قوربانی و ئێمەش لە خۆ ئامادەکردن دابووین بۆ جەژن و گەرانەوە بۆ ئاوەژێ تا جەژنانە لەگەڵ خزم و کەسەکانماندا بکەین لەو کا تەشدا بروسکەیەکی سەرکردایەتی ها تو نوسرابوو کە دەبێ مە ڵبەندی دوو سێ چالاکیەکی هاوبەش لە تەق تەق و قاتحی جەیشی شەعبی وەکو دیاری جەژنانە بۆ خەلکی کوردستان بکەن ئێمەش لە خۆشی چالاکیەکە جەژن و گەرانەوەمان لەبیر چۆوەو بەلام کەسوکارمان هە ر لە چاوەروانیمان دابوون چونکە نەمان ووتبو ناگەرێینەوە . لە و کاتەدا دەمەو ئێوارەبوو دەستەکەی خۆی و کەرتی کاك رحیم باوزی و بەشێك لە تیپەکانی کەرکوك و خاڵخالان بەبناری شاخ و دەشت وگردۆلکەکاندا دوای پەرینەوە لە جادەی سەرەکی سلیمانی پێش ئەوەی بگەینە گوندی کەلەباش بەشەو ریگا یەکەمان هەڵە کردو لەو کاتەدا شەهید عبدالرحیم ویستی جیهاز بکا کەلەپشتی گوێ درێژەکە بارکرابوو کەچی کەئیمە ریگامان ون کردبوو گوێ درێژەکەش بەهەمان شێوە خۆی لە ئیمە ون کردبوو دوای گەرانیکی زۆر ئەمجار دیتمانەوە و بوە بەرە بەیانو ریگاکەشمان دیتەوەودوای برینی چەند ین مۆلگەو رەبیەکانی دوژمن و ماندووبونێکی زۆر توانیمان بگەینەسنوری خالخالان و کەرکوك لە دوورەوە منالە بێ نازەکانی لادێ کان ئاویان بۆ هێناین و بە پیشمەرگە شاگەشکە ئەبوون وگوندنشینەکانیش لە دەمی خۆیان دەگرتەوەو ئەیان دایە پیشمەرگەومال و منالەکانیان و پێخەفەکانیان لەخزمەتی پیشمەرگە دانابوو شەوانەش لە ژوورەکانی خۆیاندا بەیەکەوە رۆژمان دەکردەودوای جەولەیەکی زۆر گەیشتینە شو ێنی دیاری کراوی چالاکیەکەو گوندنشینەکانیش زۆر هاوکاری شۆرش و پێشمەرگەبوون و خەویان بەم رۆژەی ئێستاوە دەبینی و دەیان گوت : گوندەکەمان جوانتر بۆ دروست دەکرێتەوەو بەرەو پێشەوە دەرۆین کە شۆرش سەرکەوی ئاواتمان دێتە دی وژیان لای شەهید عبدالرحیم شان دانە بەر کاری گەورەو مەترسیدار بوو وەهەموو شتیکی لا ئاسان بوو لەپیناوی ولاتەکەی دا کەبیکاتە قوربانی ئەو ریگایە بۆیە دروشمی نەسرەوتن تا سەرکەوتنی کردبوە ئامانج و ریبازی ژیانی شەهید وەکو فەرماندەیەکی شارەزاو نەترس و دوای چوار جار بریندار بوون وورەی بەرزیان نەرووخاندو هەر بەمەش توانی ببێتە فەرماندەیەکی سیاسی و عەسکەری بەلاّم ، جێگای داخ و سەرنجە هەرکاتێ پێشمەرگەکان چووبان بۆ چالاکی لەبەر دڵسۆزی و پاکیان گەر تەماشای یەکتریت بکردبایە ئەتزانی کێ پلەی شەهیدی و ماڵئاوای لەکاروانەکەی خۆمان ئەکا ، هەر ئەوەش بوو دەمەو ئێوارە بوو بۆ بەیانیش جەژن بوو ، مناڵە بێ نازەکانی لادێ کان ڕۆژێك بەر لەوە خۆیان ئەڕازاندەوەو منیش کاتێ سەرنجم دا کاکە رەحیم جەمەدانەکەی لەمل کردبوو لەپەنای خانوویەکی ڕووخاودا پاڵی دابووەو چاوی برِیبووە ئەو مناڵانە زۆر دیمەنێکی خەفەتاوی سەرنج ڕاکێشم بینی و چوومە لای کاکە رەحیم ، ووتم کاکە بۆوا داماوی بەدیار ئەو مناڵانەوە ، ئەویش ووتی : ئەمانە لەخۆشی جەژن خۆیان رازاندۆتەوەو خۆشحاڵن کە

بەیانی جەژنە بەڵام ، ئێستاش (ڤیان و ئەڤین و ووریا) چاوەڕێ ی گەڕانەوەی من دەکەن ، منیش لەناخمدا هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشاو ڕووم وەرگێڕاو تێگەیشتم لەبری خۆشی و جەژن بەرینەوە بۆ منالەکانی له (ئاوەژێ) تەرمەکەی ئەبەینەوەو . ئەوەبوو نەخشه دانرا کە له دووقۆڵەوه لێ بدرێ و تەق تەق کاک کۆسرەت سەرپەرشتی دەکردوو قاتحەکەش شەهید عبدالرحیم و(تیپی٢١ ی کرکوك و٢٥ ی خاڵخالأن وکەرتێکی مەڵبەندی دوومەفرەزەیەکی دەستەکەی خۆیشی ) پێشمەرگەکانیش له هه ر دوو لاوه ئازایەتیان نواندووو١٦٠ له دوژمن کوژراو ٤٧ کەسیش بەدیل گیران ودۆشکایەکی چوار لولەو مدەرەعەیەك وشەش ئۆتۆمبیلی جۆراو جۆری سەربازی و زیاتر له چل پارچەچەکی جۆراوجۆر ودەسکەوتی تر چوار پیشمەرگەش بوونه قوربانی و ٩ پێشمەرگەش تریش بریندار بوون له بری نوقلّ و جەژنانه تەرمەکانیان بۆ چۆوەو دوژمنیش شکستی خواردو سەرکەوتنی ئەمرۆش بەخوێنی پێشمەرگەو رۆڵە ماندوونەناس و نادیارەکان بەدی هات ..

## بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی

مەکتەبی سیاسی له بەیاننامەیەکدا داخ و پەژارەی خۆیان و هەوالی شەهید بوونی عبدالرحیم عبدالله ی بەکۆمەلانی خەلکی کوردستان راگەیاند که له داستانی گەورەی شەری قاتعی جەیشی شەعبی تەق تەق شەهید کرابوو تیا هاتبو : کەشەهید بوونی عبدالرحیم لیپسراوی بەشی پیشمەرگایەتی مەلبەندی دووی ( ی ن ك ) نیشانەی سەنگەری پیشەوەی فیداکاری و هەلمەت بردنە کە ئەم خاسیەتە سەرکردەو فەرماندەکانی یەکیتی پێ دەناسرێنەوە و جیگە دەگرن و کاك عبدالرحیم تیکۆشەریکی بەزات و پشوو دریژو خۆراگر بوو سەرەرای کادریکی ژیرو بەگورو وره بەرزو لیزان بوو که هەموو تەمەنی خۆی کرده خزمەتی گەلەکەی وتوانی بەبیری تیژوو چالاکانەی له فەرماندەی مەفرەزەوه وەکو کادیریکی شارەزای بواری پیشمەرگایەتی پلەکان ببرێ و بەتوانای خۆی بوه لیپرسراوی پیشمەرگایەتی و ئەم تیکۆشەره لەهەموو شەرو نەبەردەکان دەستەی هیرش بەربوو وه ئەم جارەش بەم شیوەیە شهید بوو زیانیکی گەورەش بەر یەکیتی و کۆمەلەی رەنجدەران و کۆمەلانی خەلك کەوت وسەرکەوتن هەربۆ گەلەو مردن و لەناوچون بۆ داگیر کەران و دوژمنانە وسەرکەوتنیش هەر بۆ گەله .....

## کاك کۆسرەت و دەورێکی جوامێرانه

مەلبەندی سێ بەسەرپەرشتی کاك کۆسرەت که سەرپەرشتی گرتنی ناو تەق تەقی دەکرد دەورێکی کاریگەرو چالاکانەیان بینی لەپاك کردنەوەی تەق تەق وکاك کۆسرەت وەکو پیشەیی هەمیشەیی لەپێشەوەی پێشمەرگه دابوو بۆ هەلمەت بردن بەمەش کاك کۆسرەت زیاتر بورەمزی خۆشەویستی و پیشمەرگەش که ئەوی دەبینی زیاتر گورو جۆشی ئەخواردو پەلاماری ئەداوشەهیدعبدالرحیم و کاك کۆسرەت نیوانیان وەکو دووبراو برادەر وابوو هەر لەو شەوەدا کاکه عبدالرحیم بەجیهازە تەلفۆن کونەکەبەزەردە خەنەوە بەکاك کۆسرەتی ووت : ئەوا ئیمه هەموو قاتعەکەمان گرت ئەویش دەست خۆشی کردووشەهیدیش پێ ی وت بەلام رەبیەی سەرپردەکەی لای خۆتان تەقه بەرەو لای ئیمه دەکاو کاك کۆسرەت ووتی خەمت نەبێ هەر ئێستا ئەویش دەگرین و قسەکەی تەواو نەکرد که شەهید عبدالرحیم جیهازەکەی لەدەستی پەری و کەوتە سەر زەوی وشەلالی خوین کراوکە بەداخەوە فیشەکیك کۆتایی بەژیانی هیناو گیانی له دەست دا و کاك کۆسرەتیش به جیهازەکه بانگی دەکردوبێ وەلام بوودوای تێ گەی کەشەهیدبوەو هەر ئەو شەوەش ئاسمانی ناوچەکه

کەوتە بەربۆردومانی کو یرانەی کۆپتەرولە F M گویمان لێ بوو سائقی کۆپتەرەکە بەسەرووی خۆی دەوت مخەریب و خۆمانمان لێ تیکەل بوە چی بکەم،ئەمانیش وتیان لەهەمویان بدەو ناوچەکە بسوتێنە ئەوەبوو کۆپتەرەکە تەنیویری هێشویی فرێ دا لەئاسمان و ناوچەکە روناك بۆوەو ئەمجار کەوتە بۆردومانی شوێنی رووداوەکە وپوشو پاوەن و رەزی ئەو ناوەی سوتاندو وپیشمەرگەش بەو دیمەنۆفەی گیرابوو تەقەیان لەکۆپتەرەکە کردوولە قولای ئاسمانیان بری و ناچاریان کرد ناوچەکەبەجێ بهێڵێ ..

## ژیاننامەی شەهید عبدالرحیم

شەهید عبدالرحیم عبدولا عبدالرحیم ساڵی ١٩٤٩ لە بناری کۆسرەت لە میرزارۆستەم لەدایك بووەو دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵی بوە لە بەکرەجۆ و هەرلە سەرەتای لاوییەە هەستی بەچەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی گەلەکەی دەکردو بیری شۆڕشگێرانەی لا گەلالە ببو بۆیە توانی لەشۆڕشی ئەیلولداوەکو ئەندامی ڕێکخراوی سەنگەسەر بەشدار بێ و سالی ١٩٧٢ بوە بە کۆمەڵەو دەوری کاراو کپ و چالاکانەی بینی لە کۆکردنەوەی کۆمەلانی خەلك لە ریزەکانی کۆمەڵەولەهەمان کاتیشدا سەرپەرشتی ڕێکخراوی ئاگری دەکرد لەسنوری پشدەرو بیتوێن و کۆیە دواتر بەهۆی کەشف بوونی و لەسەر داوای سەرکردایەتی ساڵی ١٩٧٨چوە ریزی هیزی پیشمەرگەی کوردستان لەهەرێمی پارێزگاری بوە بە فەرماندەی کەرت و دواتر لەبەر لیهاتوی توانای بوە سەرتیپی ٤٣ ئاسۆس و لەشەرەکانی ئیرانیش کەبۆ هاوکاری حیزبی دیموکرات چووبون دەوری بەرچاوی دەبێ و مام جەلال بروسکەی ئازایەتی و دەست خۆشی و خۆراگری بۆ دەنێرێ و سەرەرای ئەوەی بریندار دەبێ بەلام سەنگەر چۆل ناکاو دواین پلەشی بەرپرسی دەزگای پێشمەرگایەتی مە ڵبەندی دوو بوو وە چوار جا ر برینداربوەلە ژیانی پێشمەرگایەتیدا و بەشداری شەرو داستانەکانی هەلاج و دابان ورزگاری و شێنێ و قەند یل و کوردستانی ئێران و سنورەکانی گەرمیان و کویستان و خۆشناوەتی و دەشت وچیاکانی لەگەل رژیم کروەو هەمیشە گالتەی بەشەر دەهات و ورەی پیشمەرگەکانی بەرز دەکردەوەو خاوەن قسەی خۆش و نوکتەی لەشوێنی خۆیدا باس دەکردو سەرەرای ئەوەی کادیریکی سیاسی و عەسکەریش بوو تا لە شەوی ٢٨/٢٧ - ٥ - ١٩٨٧ کەسەرپەرشتی گرتنی قاتعی جەیشی شەعبی لەو بەری پردەکەی تەق تەق لە سنوری تیپەکانی کەرکوك و خاڵخالان دەکرد دوای ئەوەی بە سەختی گوللەەك بەر بۆری هەناسەی دەکەوێ و بریندار دەبێ وناتوانێ قسە بکا و دوای چارەگیك ماڵ ئاوای لە کاروانی شۆرش کردو قاتعەکەش بە خوێنی شەهید عبدالرحیم و چەند پێشمەرگەیەکی تر ئازادو ئاو درا

لەدوایشدا تەرمەکەی لەگۆپتەپە شۆردراو بەپشتی ولاخەوە دوای دوو رۆژ گەێنرایە وە ئاوەژێ وبەخاك سپێردرا...



شەهید نبی احمد عبدالله رسوڵ

ساڵی ١٩٣٣ له گوندی هەردی خەیاڵی کاسکان له خێزانێکی گوندنشینی له دایك بوەو ساڵی ١٩٦٨ لەگەڵ (خاتون پیرۆت رسوڵ) هاوسەرگیری دەکات و بە شوانکاری یەوە خێزانەکەی بەخێودەکاو لەهەمان کاتیشدا تا نسکۆ بەشداری شۆڕشی ئەیلول دەکاو لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نویٚ لەساڵی ١٩٧٦ له قەندیل له هێزی پارێزگاری دەبێته پێشمەرگەو چالاکانە ئەرکەکانی بەڕێوە دەباو بەشداری سەرجە م شەرەکانی سنورەکەی دەکاو تا ١٩٧٧/٣/٢٧ دوزمن بەهێزێکی زۆرەوە پەلاماری چیای ساوێن دەداو دوای شەڕێکی قارەمانانە گیانی پیرۆزی بەخاکی کوردستان دەسپێرێ و دوای خۆیشی پێنج کۆرپە جێ دەهێڵێ و بەناوەکانی ( عائیشە و محمدو فاتمەو عبدولاٚ و شەهید )کە حەوت مانگان بوو لە سکی دایکی دابوو بەهۆی شەهید بوونی باوکیەوەبوو بۆیە ناویان نا شەهید بەلام بە داخەوە لەدوای بونی بەماوەیەکی کەم بەهۆی نەخۆشیەوە ئەم منالەش کۆچی دوای دەکات



**شەهید (حسێن اسماعیل رسوڵ)**

شەهیدی نەمر ناسراوە بە (فتاح )لەساڵی ١٩٤٦ لەخێزانێکی هەژار و کود پەروەر لەسەنگەسەر لەدایك بوەو لەساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردوە لای بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لەگەڵ شەهید دکتۆرخالیدبۆتە پێشمەرگەو خاوەن هەلۆێست و ئیلتزام بوەو خۆشەویستی ناو هەڤالەکانی بوەو بەشداری نەبەردەکانی سنورەکەی خۆی بوە وهەمیشە ئامادەی مەرڤ بوە لە پێناوی یەکێتی دا تاوەکولە کارەساتی هەکاری شەهید دەبێ  ماڵئاوای دەکاو سەنگەرو تفەنگەکەی بەهاوڕێ کانی شاد دەکاودوای خۆیشی سێ براو چوار خوشکی لەدوای خۆی جێ دەهێڵێ

شەهید﴿ عمر ممند عمر ﴾ ناسراو بە (عومەرژاراوەیی)

زۆرن ئەوانەی ..کەلە پیناوی ..گەل ونیشتمان ..داو ..لـە پێناوی ..ئازادی و سـەر بەخۆی و ..مـافی چارەی خـۆ نوسین و ..پاراستنی سەروەریە کانی نەتەوەکەماندا ..بوون بە جەنگاوەری رۆشنایی ..و دریان بە شـەوە زەنـگ دە دا ..ئەوانبوون ..بە چراخانیك و ..مۆتەکەی شەویان ڕاو دەنا .

زۆر...بوون ئەو.. شێرە کوڕانەی ..تەواوی تەمەنی جوانی و گە نجیە تیان ..تەواوی خەون و..ئاوات ..وئەنـدیشەیان ..بۆ رزگاری نیشتمان ونەتەوە بوو..!!



بەڵی ..یەکێك لەو ئەستیرە پرشنگ دارانەی ..ئاسمانی کوردایەتی و ..یەکێك لەو ئیرادە پۆڵا ینانەی .. کەهەمیشە خەونی بە کوردستانی گەورەوە دەبینـی و، تا سەر ئێسقان باوەڕی بە خەباتی سیاسی و چەکداری و مافە ڕەواکانی گەلە کەی هەبوو، ئەوخاك پەروەرەی .. کەلێدانی ترپەی دڵی ..وابەستە بوو.. بە چرپە و ناڵەی ئازارەکانی میللە تەکەیەوە ..هەمیشە بۆ ئاسۆیەك دەگەرا ..کە خۆری بەختیاری لێوەی هەڵبی .. بەردەوام خەونی بە نیشتیمانیکەوە دەبینی ..کەدووربێ لە ستەم و زۆر داری ..و دوور لەچەو ساندنەوە وئاوارەیی.

ئەوشۆرشگێڕەی ..کەلە ئەزموون ..ویاداشت و..یادەوەریە کانیەوە ..بەها باڵاکانی ئەخلاقی ..فێر دەکردین ،و پێی دەوتین ((جوانترین مانا بۆ ژیان ..کۆدەنگی و یەك ڕیزی ..و ئاشتی و بەیەکەوە بوونە ......باشترین جۆری ژیان دادپەروەری و یەکسانی و یاسا.. سەر وەر بوونە))، لە کوردسـتانی بوونیەوە.. تیدە گەیشتین ..کە خاك ..دایکی دووەممانەو.. ئازادی ..نان وئاومان و .. سەربەستی مانای بوونمانە..!!؟ ،بەڵی ئێستا ..لە حزووری.. رۆحیی هەڵۆی بەرزە فڕدا..دەوەستین و چە پکە گوڵی ڕێز..دەدەین لە سینگی و ..چە پکەگوڵی وەفا ش.. دەبەخشـینە.. پە نجەکانـی و هەرلێرەوە سڵاووی نیشتمانی پێ دەڵیین...!!!

**بەڵی لەکاروانی شەهیدانی ئەم جارەدا ..کورتەیەك لەژیان وخەباتی شەهیدی نەمر ( عمر ممند عمر )کە ناسراوە ..بە ﴿عمر ژاراوەیی﴾ دەناسێنین .

شەهیدی نه مر﴿عمر ژاراوەی ﴾لەسالی ١٩٦٧ له شارۆچکەی ژاراوەی ..دەفەری پشدەر ، له بنه ماڵەیەکی کورد پەروەرو زەحمەت کێش وجووتیاردا ..چاوه گەشه کانی به دنیا هەڵیناوه و.هەرله منداڵیەوه چۆته بەرخویندن وقۆناغی سەرەتایی لەژاراوه و قۆناغی ناوەندی لەقەڵادزی و ئامادەیی بازرگانی بەشی ژمێریاری له شاری سلێمانی ساڵی ( ١٩٨٤ ـ ١٩٨٥ ) تەواو کردووه.

شەهید عمر .. له منداڵیەوه خولیای بیری کوردایەتی وهەستی خزمەت کردن بەگەڵ و نیشتیمانەکەی تیدابوو ،هەر بۆیه لەبەهاری سالی (١٩٨٢)دا پەیوەندی بەریکخستنه کانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوه کردوو ..ئەندامیکی زۆرچالاك و ووریاو شیرین و خۆشەویست بوو لەناو پۆلی هاورێکانی دا ،هەروەها دەورێکی زۆرکاریگەرو باشی لەخۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٢ و ساڵیادکردنەوەی کارەساتەکەی ١٩٧٤ ی شاری قەڵادزی داهەبوو،چەندین جار بەشداری له خۆپیشاندانەکانی شاری سلێمانی دا کردوه ،دیارترین له و خۆ پیشاندانەی بەردەم ﴿بینای ئامادەیی بازرگانی سلێمانی ﴾)بوو،هەروەها بەرلەوەیی پەیوەندی به هێزەکانی پێشمەرگەوه بکات ،لێپرسراوی شانه بووه لەشانەی سەرەکی بلفەت .



شەهید عمر هەر بەوەشەوه نەوەستاوه بەڵکو لە دوای تەواو کردنی قۆناغەکانی خویندنی لە(١٥ / ١/ ١٩٨٦) د اپەیوەندی بەڕیزەکانی هیزی پیشمەرگەی کوردستانەوه کرد ..لەگوندی هەلۆنه، لەکەرتی تیپی (٦٣) ی جووتیاران دەبیته پیشمەرگه، شەهید عمر کوڕێکی زۆرچالاك و دڵسۆزبوو..ئەرکه کانی زۆر به جوانی جێ بەجێ کردووه .. بەو تەمەنه کەمەوه بەشداری چەندین شەڕی قارەمانانەی کردووه ،وەکو شەڕەکانی ﴿ زینوی سپی، گەڕڕەدێ ، گەورەدێ ،چەندین شەری تر ..﴾

شەهید بەهۆی دڵسۆزی و پابەندبونی به مەبدەئی شۆڕشگێڕانەوه وبه هۆی کارامەیی ولێهاتوویەوه دەکرێ به ڕێخەری کەرتی (١)له تیپی (٦٣)ی جوتیاران، ناوبراو ئاستی ڕوناکبیری ووشیاری سیاسی وکۆمەڵایەتی له پلەیەکی بەرز دابوو ،دەستێکی باڵای هەبوو له نوسینی بوارەکانی ئەدەبی وەکو( چیرۆك و شیعری ئازاد و ڕۆمانسی و

هـــەروەها نوسینی نـــوکتەو و بابەتی خـــەندە ئامێـــزو نوسینەوەی  یاداشت ) شەهـید عمر لـــە ڕێکەی﴿ ڕۆژ مێرە ﴾ بچکۆلانەکـــەیەوە  هەمیشـــە ڕۆژانـــەی ژیانی شاخ و سا تە پر لە حەسرەت وکاتە ســـەختە پرلە دژوارەکانی ڕۆژانی خەباتی تێدا دەنوســـییەوە و یاداشتی دەکردن.

ئـــەگـــەربە دیقەتەوە خوێندنەوەبکەین بۆ کۆی ئاڵو گۆڕی  ئەو( نامانەی )کە لەنێوان خـۆی  و هاوڕێکانیدا کراوە  وە تاوەکو ئێستا لە ئەرشیفی یادەوەریەکانی شەهیدا هەڵگیراون ،بۆمان دەردەکەوێت شەهید عمر چەندە مرۆڤێکی گـەورەو بەڕێزوخۆشەویست بوو لای خەڵك وبـــراو هاوڕێێ و هاوسەنگەرانی و چـــەندیش هۆگری نەتەوە و نیشـــتیمانەکەی وپابەندی ئەخلاقیاتی شۆڕشگێڕی بووە .

و لە شەوی { ٧ لە سەر ٨/٢/ ١٩٨٨}دا لەگوندی هەلۆنەی سەربە( مەرگە ) لەبارەگای کەرتی تیپ دا بەهۆی فریدانی ( نارنجۆك )یکەوە، لەلایەن دەستیکی چە پەڵی رژێمەوە ، ناوبراو لەگەڵ دووهاوریی تری دا بە سەختی  بریندار دەبیت و ، تا کاتژمێر ( ١ )ی دوا نیوەڕ ململانەی مەرگ دەکات  بەڵام بە داخەوە لە دواجاردا  دڵە جوانەکەی لەلێدان دەکەویت و دەچێتە ریزی کاروانی شەهیدانی ریگای رزگاری کوردستانەوە، هەزارها ســـلاو بۆ رۆحی پاکی شەهید عمر و تیکرای شەهیدانی سەربەرزی گەلەکمان .



تێکستیکی شیعریمان هەڵبژاردووە لە ئەرشیف و یادەوریەکانی شەهید عمره وە :ــ

( بۆ ئەو کچەی کە خۆشم دەوێت )

دەزانی کە ..

خۆشەویستیت لە دڵم دا وەك نەمامێ

لە بەهاری ساوای تۆ دا

تازە چرۆی دەرکردوە ...!

هەرساتێکی کە دەتبینم ..

بەو هەستە ناسکە جوانەت

لێوم بزەیی شادمانی ،

لێ نیشتووە ...!

جوانکیلەکەم ..

ئەی لە بیرتە چەندەها جار

کە دەتووت پێم خۆشم دەوێ ی ...!

لە گەڵت دام هەتا مردن،

بە دووتەوەم لە هەرکوێ ی ...!

ئەی بینایيم ...

ئەی نازانی یادت دەکەم ،

شەوان ئەمن بە تەنیایی ...!

وێڵم بە دوو تارمایی یەك ،

هێـدی ..هێـدی بە ئە سـپایی ...!

تـادێـمە لات،

بـەهیچ جۆرێك ناتبینمەوە،

لـە نــاو ڕەشــی تاریکایی ...!

شیرینەکەم ..

ڕێبواری ڕێگایی ئەوینم ،

هەمــوو ڕۆژێك کە دەتبینم ،

ئیلهامێکی خۆشەویستی ..

دەبەخشی یە چاوەکانم ...!

دەخێراکە ، فریام کەوە ..
لە دەروازەی خۆشەویستیت ،
خـــۆم نیـشـــان دەو ..
لەمێژەوە .. چاوەڕوانــم ...!

بەدییتنت لێوم گوڵی بزە دەگرێ،
هەرکـە ڕووت لێــم وەردەگێڕی ..
بــزەیی لێــوەکانم دەمــرێ ...!
ئەی پەریەکە ..
هەمـــوو کاتــێ دەتـدوێنم ..
چـــاك بــزانە ،
من خــۆم لەتۆ ناتۆرێنم ...!!؟
ئازیزەکەم ..
ئەگەر ئە مجارەیان هاتی،
بۆ هەواری خۆشەویستی ،
دڵشاد دەبم بە دیدارت ،
لە کۆڕی ئەوین پەرستی ...!
هەرچی هەمە بیبەخشم پێت ..
ئاگا بە تۆزی ســەرەڕێت ...!!!

تەموزی(١٩٨٦)

عمر ممند عمر

زیندان  

شەهید لەتیف عبدالله ئیبراهیم

ئەوانەی ئەمرۆیان دروست کردلە رۆژانی سەخت و ئەنگوستە چاوداوەکو هەڵۆو باز وابوون و گەرمیان و کوێستا نیان بۆ نەبووخەلکیش سوێندو پشت و پەنای پێ دەبەستن و رێزو بەڵێنیان بۆ دووپات دەکردنەوەو لەپێناوی نەمانی چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی بەلام لەگەڵ هەلاتنی رۆژی ئازادی کەڵە مێرەکان لە بیرکران رۆژە سەختەکانیش لە یاد چونەوەو لادێ و لانەی شۆرش جوانتر دروست نەکرانەوەو هاورێ یانی شاخ و پێ دەشتەکانیش بێ نازو مراد کەوتنەوەو هەلسەنگاندن و پیوانەیان لە بەر چاوان رەش بۆوەو وەکو سەربازێکی وون و ماندوو نەناس تاجە گوڵینەش بەرەوای گلکۆیەکەیان نەبینرا و دڵی جگەر سوتاوی دایکشیان ئاسودە نەبوو تاوەکو لەژێر دەواری رەشی رۆڵەکەی دا بحەسێتەوە وشۆرشی نوێ ی دوای گلان و هەرەس کەدروشمی ( کەم ژیان و کەڵ ژیان) یان کردبوە تاجی سەریان بەپەنجەی دەست دەژمێردران لەسەرەتاداو شەهید لەتیفیش شەرەفی ئەو بەشدارییەی پێ براووەکو کادیرێکی دانسقەو بوێرو بەجوڵەو خاوەنی رەخنەو داهێنان و نەسڵەمینەوە و شان دانە بەر کاری گەورەو مەترسیدار و هەستێکی بەرزی چینایەتی و نیشتیمانی لا گەلاڵە ببو وەهەموو تەمەنی لاویەتی کردە قوربانی و وەلەکات و شوێنی خۆی دا رەخنەی توندی دەگرت وکۆمەڵەی ئاگادار دەکردەوە بۆیە هەمیشە وەکو کادیریکی کپ و چالاك ستایش دەکراو بەهۆی سادەیی وگونجاوی خۆشەویستی گوندەکان بوو وتە جوانەکانیشی رێزی ناو خەلك بوو وە هەموو کاریکی لا ئاسان بوووەهەمیشەش دەم بەخەندەبوو

ژیاننامەی شەهید :

سالی ١٩٥٧ لەشارۆچکەی میرزارۆستەم لەبناری کۆسرەت لەخێزانیکی جوتیار لە دایك بووەو بەهۆی دروست کردنی بەنداوی دوکانەوە گواستراونەوە سەنگەسەرو هەر لەوێ خوێندنی سەرەتای و ناوەندی تەواو کردوەو لەشۆرشی ئەیلولیشدا چۆتە ریزی یەکیتی قوتابیانی کوردستان وەلەشانەی شەهید جعفر عبدالواحیدسالی ١٩٧٣ کاری ریکخستنی کۆمەلەی کردوەو دەوری بەرچاوی لەکۆکردنەوەی خەلك هەبوەو لە ٢٦ / ٨ /١٩٧٦ لەقەندیل دەبێتە پێشمەرگە وەکوکادیری کۆمەڵەو پلەکانی رێکخراوەیی بەئازایەتی و خۆراگری دەبرێ و دەبێتە لێپرسراوی لێژنەی ناوچەی هەریمی ٧ ی کۆمەلەو بەکۆلە پشت و بیری تیژو رەنجدەرانەی چالاکانە کار دەکا لەچەندین شوێنی جیاواز وەکو : سنورەکانی شارباژێرو پشدەرو باڵەکایەتی و برادۆست وزۆر شوینی تر لەپیناوی هاندان و وشیارکردنەوەو کۆکردنەوەی خەلك بۆیە دوژمن هەمیشە دەیویست بیخاتە سێرەو بۆسەی خۆیەوەو لە سەرچاوەی هەلشۆ بەخەستی بریندار دەبێ و

**لەسالی ١٧ / ١ / ١٩٨٠ کەبەتەنیا بۆ کاری ریکخستنی کۆمەلە لە گوندی بەستەستین دەبێ دوژمن و جاشەکان دەوری دەگرن و بەدیلی دەبەن و دوای ١١ مانگ لەئەشکەنجەو ئازار لەزیندانەکانی مەنزومەی شیمالی و موسلدا تۆزقالیك ورەی بەرزیان نەروخاندو نهێنیەکانی نەدرکاندو لەزیندانیشدا هاوری کانی هان ئەداو دەیووت شیوەنم بۆمەکەن وبەچەپکە گول یادو کۆڵ نەدانم بکەنەوە لەشەوی ٢٤-٢٥ /١١ /٩٨٠ ئیعدام کرا**

**سەرنج : علی حمە سعید ریکخستنی دێرین توانی کامیرا لە کاڵەکدا بباتە ژوورەوەی زیندانی موسڵ و وینەی سەرەوی شەهید بگرێ کەلەسەرەوەپیشان دراوەو هەردووکیان وینەی شەهید لەتیفن**



**شه هید بابکرهمزه حسن**

ناسراو بەبابکری همزائاغالەساڵی ١٩٦٩ لەگوندی شەروێتی ناوچەی مەنگوڕایەتی لەخێزانێکی جوتیارلەدایك بوەو هەرلەسەرەتای منالّیەوە دوای شەش ساڵی دەچێتەبەر خوێندن وتەنها قۆناغی سەرەتای تەواودەکاوهەستی نەتەوایەتی گەلەکەی هانی دەدا بۆئەم مەبەستەش ساڵی١٩٨٢ لەگەڵ براو ئامۆزاکانی پەیوەندی بەهێزی قەلاتوکان دەکاوچالاکانە ئەرکەکانی ئەنجام دەداو دواتر لە ساڵی١٩٨٥ بەهۆی سەختی ژیانی خێزانەکەیان دێتەوەو دوای دووساڵیش لە١٩٨٧ دوبارەبێ دابڕان دەبّتەوە پێشمەرگەو زۆرئازاو بوێرومەردانە بەشداری سەرجەم شەڕەکانی سنورەکەی دەکا لە تیپی ٥٦ ی گەلاڵە دەبێتە فەرماندەی مەفرەزەوتا لە ٢٠٠٧ بەهۆی نەخۆشیەوە کۆچی دوای دەکاودەچێتە کاروانی گەل وشۆڕشەوەو سلاو لەگیانی نەمر



شه هید به یاد عمر رسوڵ

ساڵی ١٩٥٦ لەخێزانێكی نیشتمان پەروەروزەحمەتكێش ورەنجدەرچاوی بەژیان له شارۆچكەی سەنگەسەرهەڵهێناوەوخوێندنی سەرەتایشی لەم شارۆچكەیە تەواوكردو دواترشانی دایەبەركاركردن وبەپیشەی كشتوكاڵیەوەخەریك بووبۆبژێوی ژیانی ماڵه وەیان بەلام ڕۆژ بەرۆژهەستی چینایەتی لا بەهێزتر دەبوو بۆیە ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بەڕیزەكانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە دەكاو چاونەترسانە كارەكانی دەكات ساڵی١٩٨٠ كاتێك موالیدی سەربازی دێتەوە یەكسەرپەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە لەتیپی١٤ ی ئاكۆیان دەكاوزۆردڵسۆزانەو كۆمەلایەتیانە دەبێ لەناوجەماوەری سنورە كەی داوبەشداری سەرجەم شەڕوچالاكیەكانی تیپەكەی دەكاو وەكوشەرەكانی كرجان وكانی ماران وهیزۆپ وبیتوێن و...هتد تاله١٩٨٢/٢/٢٢ شەهید دەبێ



شه هید حسن رسولٚ عزیز

ناسراو به حسن ژاراوەی ساڵی١٩٦٤ لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەرو هەژارلە دایك بوەو ژیانیان لەسەرکشتوکاڵ بوەبەهۆی سەختی ژیانیان تەنهاخوێندنی سەرەتای تەواو کردوەو ساڵی١٩٧٨ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکاوئەرك وفەرمانەکانی چالاکانە ڕادەپەڕێنێو ساڵی ١٩٧٩ لەهەرێمی پارێزگاری دەبێتە پێشمەرگەوبەشداری سەرجەم شەڕونەبەردییەکانی سنورەکەی دەکات بەلام بەداخەوەتەمەنی پێشمەرگایەتی زۆر کەم دەبێ وهەرلەهەمان ساڵدا لەچیای سالارە لەشەڕێکی بوێرانەدا شەهیددەبێ ودەبێتە دوەم شەهیدلە بنەماڵەکەیان بەئازاییەوە




شه هید سۆركان پيرۆت سلێمان

لەساڵی ١٩٦٥ لەخێزانێكی هەژارو دڵسۆزو نیشتمان پەروەرلەگونده خنجیلانەكەی گرتك چاوی بەژیان وئازاری نەتەوەكەی هەڵهێناوەو هەر لەسەرەتای منالْیەوە خولیاو عەشقی كێوكەژەكانی خاكی كوردستان بوەولەهەمان كاتیشدا بۆبژێوی ژیانی كەس و كارەكەی شان بەرئەداتە كاركردن وبەلام خەمی وڵاتەكەی لەهەمووشتێك لاپیرۆز تردەبێ وبۆیە هەرلەتەمەنی منالیەوە لەسالی ١٩٧٨ لەهەرێمی١٤ی ئاكۆیان دەبێتە پێشمەرگەو زۆردڵسۆزو چالاكانە ئەركەكانی ئەنجام ئەداوبەشداری سەرجەم شەری سنوری هەرێمەكەی دەكاو بەلام بەداخەوەله١٩٨٣/٨/١بەهۆی بۆردومانی فڕۆكەكانی دوژمن لەگوندی وەرتێ گیانی پاكی دەگاتە كاروانی نەمرانی كوردستان



**شه هید عارف محمد ئیسماعیل**

ساڵی١٩٥١ لەگوندی کێلە سووری سەربەقەزای دوکان لەخێزانێکی هەژارو دڵسۆزونیشتمان پەروەرچاوی بەژیان هەڵهێناوەو دواتر بەهۆی دروست کردنی بەنداوی دوکانەوە لەناحیەی ژاراوە نیشتەجێ دەبن ولەوێش دەچێتە بەرخوێندن وسەرەتای تەواودەکاو بەهۆی خراپی ژیان و گوزەرانی خێزانەکەی ڕوولەکارکردن دەکاولەوێشەوە هەستی چینایەتی ونەتەوایەتی لا بەهێز تردەبێ وبۆیە لەساڵی ١٩٧٧ لەهەرێمی پارێزگاری دەبێتە پێشمەرگەو چالاکانە ئەرک وفەرمانەکانی ڕادەپەڕێنێ وبەشداری تێکڕای جەولەو شەڕەکانی سنوری هەرێمەکەی دەبێ وتا ساڵی١٩٧٨ بۆبەرگریکردن لەڕاگواستنی دێهاتەکان لەگەڵ بەشێك لەهێزی پێشمەرگە بەرەو بادینان ڕێگایەکی دوورو درێژوپڕماندوبون وبرسیەتیان گرتبوە بەربەلام بەداخەوەلەشەڕی ناوخۆلەکارەساتی هەکاریدا بێ سەروشوێن وگلکۆدەبێ وشەهید دەکرێ وخەونەکانی هەرزبندوو دەبن لەژێرگڵداوچاوەڕێ ی هاتنی ئاسۆیە



**شه هید عالی محمود پیرۆت برایم**

ناسراو بەعەلی لەساڵی ١٩٥٦لەخێزانێکی هەژارو دڵسۆزونیشتمان پەروەرلە دایك بوەلەگوندی ماخۆبزنان هەرلەسەرەتای لاوێتیەوە بۆ بژێوی ژیانی بنەماڵەکەیان بەکاروبای کشتوکاڵی ومەڕدارییەوە خەریك دەبێ وبەلاّم ڕۆژبەڕۆژهەستی ولاّتەکەی لاخۆشەویسترو بەهێزتردەبێ وخەون وئاواتەکانی لەشۆڕش وشاخدادەبینێتەوەو بۆیە لەساڵی ١٩٧٧ لەهەرێمی١٤ ی ئاکۆیان دەبێتە پێشمەرگەودڵسۆزو چالاکانە ئەرکەکانی بەئەنجام دەگەیێنێ و بەشداری سەرجەم شەڕو نەبەردییەکانی سنوری هەرێمەکەی دەکات بەلام بەداخەوەلە١٩٧٨/١٢/١٢بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆر لەبناری قەندیل نەخۆش دەکەوێ ودواتر شەهید دەبێ ولەگۆڕستانی ماخۆبزنان دەنێژرێ ودەگاتە کاروانی هاورێیەکانی و لەگۆڕیشدا چاوەڕوانی هاتنی ڕۆژی ئازادییە



شه هید عبدالله شێخه أحمد

ساڵی ١٩٥٢ لەدامێنی بناری چیای کۆسرەت لەگوندی بایز ئاغا لەخێزانێکی جوتیار ونیشتمان پەروەرچاو بەژیان هەڵدێنێ وبەهۆی دروست کردنی بەنداوی دوکانەوە گوندەکەیان ڕادەگوێزرێ ولەگوندی سلتانەدێ ی سەربەشارۆچکەی سەنگەسەرجێگر دەبن وتوانیویەتی خوێندنی سەرەتای تەواوبکاو دواتر بۆ بژێوی ژیانی خێزانەکەی شان بداتە بەرکارکردن و بەلام بەهۆی هەستی شۆڕشگێڕانەی بەشداری لەشۆڕشی ئەیلول دەکالەساڵی١٩٦٩ وە لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ دا لە ساڵی١٩٧٦ دەبێتە پێشمەرگەو بەشداری سەرجەم شەڕو نەبەردییەکانی سنورەکەی دەکاوجگە لەوەی وەکوکادیرێکی وشیار بەشداری خولی کادیرانی کۆمەڵە دەکا بەلام بەداخەوە لە شەوی ١٨/١٧ — ٨—— ١٩٨٠ دەکەوێتە بۆسەی دوژمنەوە لە گوندی بەستەستێن و شەهید دەبێ و تەرمەکەشی بەدوای ئیڤای عەسکەریدا ڕادەکێشرێ ودوای خۆیشی چوارمناڵ بەناوەکانی ( ئەمیروشۆڕش وهێمن و منیر)جێ دەهێڵێ وسلاوبۆگیانی ..



**شه هید عزیز ڕسوڵ عزیز**

**ناسراو به عزیز ژاراوەی ساڵی١٩٤٧ لەژاراوە لە خێزانێکی هەژارو نیشتمان پەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوەو بەکاری کشتوکاڵیەوە ژیانیان بەسەربردوەو خوێندنی سەرەتای تەواوکردوەو لەهەمان کاتیشدا دڵسۆزو ڕاستگۆو کۆمەڵایەتی بوەلەناو خەڵکدا وبەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردوەو بە عزیز ڕەشاش بەناوبانگبوە چونکە چەکی ڕەشاشی پێ بوەو لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ دا ساڵی١٩٧٦ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە دەکاوساڵی ١٩٧٧ لەهەرێمی پارێزگاری دەبێتە پێشمەرگەو بەشداری سەرجەم کاروچالاکیەکانی سنورەکەی دەکاو بەلام بەداخەوەلە ١٩٨٠/٦/١٣ لەچیای ئاسۆس شەهیددەبێ ودەبێتە دوەم شەهیدی بنەماڵەکەیان ..**

**شه هید کەمال حسن**



سەرەتای شەستەکان ناسیم هەرچەندە حاجی حسنی باوکی ئامۆزام بوو، بەلام ئەوان لەڕانیە دەژیان ئێمە لە گوندی زورکان پێنج ساڵان بوو من شتێك لەو گەورەتر بووم ڕەنگە شەش مانگ تا ساڵێك. چاکەتێکی مەخمەری سووری لەبەربوو منالێکی خرپنی سووروسپی لە دیوەخانەکەی ئێمە لە نێوان باوکم و باوکی دانیشتبوو، هاتمە ژوورەوە باوکم کە هەر منی هەبوو ووتی: ئەوە کوڕێکم بۆخۆم پەیداکرد، هەرتۆ بەتەنها کوڕی من نی. دەمزانی گاڵتەم لەگەڵ دەکات بەلام هەرپێم خۆش نەبوو ڕکابەرم بۆ پەیدابێ. دوای ئەو ڕۆژە نەمدیتەوە تاکو ساڵی (١٩٦٤) باوکم ناردمی بۆ ڕانیەبۆ خوێندن هەردووکمان لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی بووین، لە ماڵی مام عبداللە ی مامم کە باپیری شەهید کەمال بوو دەستمان کرد بە خوێندن، ئەو ساڵە من نەخۆش کەوتم یەکەم جاریش بوو لەدایك و باوکم دووربکەومەوە و تاقانەش بووم ئیدی بردیانمەوە و ئەوساڵە نەمخوێند. ساڵی (١٩٦٥) دووبارە هێنامیانەوە بۆ خوێندن، شەهید کەمال دەرچووبوو بۆ پۆلی دووەم و من لە پۆلی یەك دەستم پی کردەوە دواترلەسەرەتایی ساڵێك کەوت ئیدی بووینەوە بە هاوپۆل.

لە ساڵی (١٩٧٣ ) هەردووکمان لە پۆلی سێیەمی ناوەندی بووین بەیەکەوە بوین بە ئەندامی یەکێتی قوتابیان و کە شەڕ دەستی پێ کردەوە لە ساڵی (١٩٧٤) هەردووکمان تەکبیرمان کرد ببین بە پ.م هەرچەند هێشتا نەببوین بە هەژدە ساڵان، کەماڵ چووە لای فقێ رسولی مامی کە لێپرسراوی تۆپی (١٠٧) بوولە گلەزەردەی کێوەڕەش دایانمەزراندبوو لە هێرشی ڕژێم بەرەو ڕانیەو دواتر بەرەو دەربەند و پشدەر ڕۆڵێکی زۆر باشی گێڕاوە و چەندین ناقیلەو دەبابەی لە قورەگۆ و دەربەند تێکشکاند، هەرچەند تۆپەکە لەبەر ئەوەی ڕاستەوخۆو نیوەقەوس بوو زوو ئاشکرا دەبوودەکرا بە ئامانجی تۆپ و فڕۆکەکانی دووژمن. هێرشێکی بەردەوام و سەختیان لەسەر بوو، سەرەڕای ئەوەش کەمال بەو مندالیەی لە پێشمەرگەکانی تر کەمتر نەبوو، کاك فقێ رسول زۆرجار دەگێڕێتەوە دەڵی بەهۆی تۆپی دووژمن حالمان شڕ دەبوو، پێشمەرگەکان ناچار دەبوون خۆیان لەبن تاشە بەردەکان بشارنەوە کاتێك تەقەمان دەکرد وا هەبوو خۆیان لەیەکتر دەبەست و کەس نەبوو گوللە تۆپم بۆ بهێنێت ناچار بانگی کەمالم کرد و ناچارم دەکرد لە نێو تۆپبارانەکەدا گوللەکانم فریابخات.ئەویش زۆرئازایانە فریای دەخستم

زۆر حەزمان لە خوێندن و خوێندەواری بوو، هەر لە قۆناغی سەرەتایی بووین کتێبمان پەیدادەکرد سەرەتا کتێبی داستانی ئەمیر ئەرسەلان و ڕۆستەم و زۆراب و هۆنراوەکانی هێمن، هەر کە دەردەچوون بەهۆی پێشمەرگەو کادیرەکانی حزبی دیموکرات کە زۆرمان دەناسین دەگەیشتنە دەستمان.

هۆنراوەکانی هەژار و پاشان کتێبی هەژار بۆ کوردستان دوای داگیرکردنەوەی قەلادزە ماڵمان گواستەوە بۆ بناری گەلاڵە (وورتە) خەلکێکی زۆر ڕوویان لە ئێران کرد ئێمەش هەردووکمان بڕیارماندا بچینە ئێران و هەوالێکمان بۆ هاتبوو کە گوایە لەوێ لە ئۆردوگاکان قوتابخانە کراونەتەوە و خوێندن هەیە، ئێمەش پۆلی سێ ناوەندی بووین وتمان ئەم چەند مانگەمان ماوە لەوێ تەواوی دەکەین، بەپێیان لە گوندی (وورتە)ەوە وەڕێ کەوتین چووینە (بێگەلاس) لەوێ بارەگایەکی قوتابیانی لێ بوو، پرسیارمان کرد ووتیان هیچ زانیاری وامان نییە، ئیدی لەوێوە بەدڵ ساردی گەڕاینەوە دواتر دیسان بەیەکەوە سەفەرێکی سەردەشتمان کرد بەلام خوێندنگە دانەنرابوون بە ناچاری گەڕاینەوە، هەر هەمان ساڵ ماڵی ئەوان

ئاوارەی ئێران بوو، ئێمە لە گوندی وورتەماینەوە لێك دابڕاین بەڵام بەردەوام نامەی دورو‌و درێژمان بۆ یەكتر دەنارد، ئەوان لە ئۆردوگای بەهرام نزیك سەرپولی زەهاب بوون ، بەڵام لە ڕێگای هاتووچۆی پێشمەرگەوە كە بەمۆڵەت سەردانی ماڵەكانیان دەكردەوە منیش پێشمەرگە بووم لە هێزی كاوە بارەگامان لە كانی شینكەی نزیك گوندی شیوەڕەز بوو تۆپێكی (٢٥) ڕەتڵمان لابوو.دوای هەرەسی شۆڕش هەردووكمان گەڕاینەوە خوێندن و ئەو ئامادەیی كشتوكاڵی بەكرەجۆی تەواو كردوو منیش پەیمانگای تەندروستی لە هەولێر. تاكو بلاوبوونەوەی هەواڵی پەیدابوونی ڕێكخراوی ماركسی لینینی (كۆمەڵە) بەردەوام باسی هەل و مەرجی ناهەمواری داگیركاری وو هیوا خواستن بۆ سەرهەڵدانەوەی شۆڕشمان دەكرد، ساڵی (١٩٧٧) شەهید كەمال مژدەی بۆ هێنام كەوا هەڤاڵێكی لە ڕێكخستنەكانی ئەو ڕێكخراوە ناسیوە كە ناسیاوی منیشەكە(شەهید عبدالرحیم)بوو زۆر خۆشحاڵ بووم ، بەڵام ئەوكاتە خەریكی تاقیكردنەوەكانی سەری ساڵ بوونم لە پۆلی شەشەمی زانستی ، بۆیە ئەویش پێی باش بوو پەلە نەكەم،دەستمان كرد بە خوێندنەوەی بلاوكراوەكانی كۆمەڵەو ساڵی (١٩٧٨) منیش پەیوەندیم كرد دواتر شەهید كەمال ساڵی (١٩٨١) چووە دەرەوە و بووبەپێشمەرگە.

بۆ ئەستێرە كشاوەكە

كاكە كەمال زەمەنێك بوو چ زەمەنێك زووڵم سەرچۆپی ڕەشبەڵەكی مەرگی دەگرت دەیجۆرێكی تاریك و ئەنگوستە چاو، ژیان كپ و ڕۆژگار كپ و جێژوان كپ بوو، هەرچی كۆڵان و شەقامە بە چاو و گوێچگەی ڕژێم تەنرابوون مینبەری مزگەوتەكان ،خوێندنگاكان ،جێژوانەكان، ڕێگاو بان و تەنانەت دەراوی ژنان بە گوێچكەو چاوی سیخوڕان تەنرابوون.

چ ڕۆژگارێك بوو كە كاكە كەمال چ ڕۆژگارێك:

هەرچی جوانی و شۆخی هەیە قەدەغەبوو، ڕۆژ نەبوو دایكی نیشتمان لە پرسەی ڕۆڵەیەكی ڕووباری فرمێسك هەڵنەوڕێنێ، دەستمان لەسەر دڵمان بوو، هەتا هەواڵی لە سێدارەدانی چرایەك ،خنكاندنی پێكەنینێك ، كوێركردنەوەی كانییەك ، خاپوور كردنی جێژوانێك ،زڕاندنی خەونێك، ڕاپەڕاندنی خەوی مناڵێك نەبیستین.

هەیهات كاكە كەمال هەیهات:

لەبیرتە بەردەوام ئەو ووتەیەت دووبارە دەكردەوە هەموو شتێك لە باریكی دا دەپچڕێت و زۆرداری لە ئەستووری دا. بەڵام ئەم زۆردارییە درێژبوو زۆر درێژ گوند و دێهاتی ئاگر تێبەرداو شارەكانی شاربەدەر كردن، هەرچی كانی و ڕووبار هەیە هەڵی لوشین، دۆزەخێكی لە هەڵەبجەی بە هەناسەی ژەهرینی خۆی بۆ مناڵان و گەورەو بچوكی ئەو شارە داخست. دۆزەخێكی لە ئەنفال داخست زوڵمێك ئاخ كاك كەمال چ زووڵمێك ،تۆخانیك بوو لە ئاگر، دۆزەخێك بوو لەڕق بێ بن، بێ ئاسۆ بێ هیچ ئومێدێك.... پڕ لە هاواری كچە بێ نازەكانی كوردستانم پڕ لەگریەو دایەو بابەی مناڵە بێ تاوانەكانم، پڕهەنسك و هەناسەی پیرەمێردەكانم، ئاخ و هەزاران ئاخ... زوڵمێكی درێژ زوڵمێكی ئەستوور دوایی نەدەهات و نەدەهات كاكە كەمال... بەڵام ئەوە پەلەی ژیانەو گەلێك پێداگرە لەسەری، ئەوە ئیرادەی مرۆڤەكانەو دابین نابێ و زوڵم چیتر قبوڵ ناكات. ئەوە پێشمەرگەیە و سەنگەری شاخ دەكاتە دەریاچەی ئاسۆ لە نێو دڵی شەوەزەنگدا دەیان چراو مۆم بە خوێنی خۆی دادەگیرسێنێ، هەر بەوئیرادەیەوە باوەش بە ئیرادەیەكی ترو پێكەوە باوەش بە ئومێد دا دەكەن.هەرچیەیەو دەبێت بەدەنگ و دەنگ دەبێ بە هاوارو هاوار دەبێ بە بومەلەرزە.

هەر عەشقی ئازادییەو لاوان بەرەو سێدارەو بەرەو مەرگ بە چەپڵەڕێزان ڕاپێچ دەكات.

ئیدی گەلەو تاسەر لە غەفلەتدا وەنەوزنادات، ئیدی گەلەو نەعرەتەی ڕۆژیی نوێ و سەردەمێکی نوێ لێ دەدات، سەردەمێك پڕبێت لە ژیان پڕبێت لە کەرامەت پڕبێت لە ئازادی.

کاکە کەمال:

ئەوە تۆبووی چیتر ئۆقرەت نەگرت چاکی بیرو بازووت لێهەڵماڵی و خۆت گەیاندە سەنگەری ئاسۆکان، سەنگەری مانەوە و بەرەنگاری ووشەی (کۆمەڵە)و ناوی کۆمەڵەو شۆڕش بورکانێك بوون لە ڕۆشنایی و لە نێوان شەوەزەنگی داگیرکاریدا تەقیەوە. ئەم ووشەیە ووشە ورەو ئومێد و ڕۆشنایی دەبەخشێتەوە، پەیمانێك بوو لەنێوان ورەو ئازادی لە نێوان پێشمەرگەو ڕزگاری، لە نێوان گەل و کۆمەڵدا.

ئیدی ئازادی ببو بە حەقیقەت و وەك چرا، وەك ڕۆژ لەبەرچاوی هەموان نمایان بوو، ئیدی دیکتاتۆر خۆی و زوڵم و قینەکانی بچوك بچوکە، ترسنۆك ترسنۆك، لەرزۆك لەرزۆك، لە گۆڕی خۆی نزیك دەبۆوە.

کاکە کەمال، ئەو ڕۆژە هات کە هەموو ژیانت لە پێناودا خەرجکردبوو، گیانت بۆ بەخشی، ئەو ڕۆژە هات کە دەتگوت دەبێ کەی بێ گەلی ئێمەش بە ئازادی بژی و بەوپەڕی سەربەستیەوە بڕیار لە چارەنوسی خۆی بدات.

کاکە کەمال ئێستا:

ئالای کوردستان لەسەر بینایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەشەکێتەوەو هەموو ڕۆژێ یادی گیانبازی ئێوەو باوەڕی ئێوەمان بیردێتنێتەوە.... ئێمەش لەناخەوە بۆتان غەمگینین و دروودوسڵاواتتان بۆ دەنێرین، بە گیانفیدایی و خوێن و ئارەقی ئێوە ئەمڕۆژە بەدیهاتووە، شانازیتان پێوە دەکەین و بە ئێوە سەرفرازین.

ژیان نامەی شەهید (کەمال)

لە ساڵی (١٩٥٧) لە ڕانیە/ گەڕەکی ڕەشەمێرگ لەدایك بووە، لە ساڵی (١٩٦٤) دەست دەکات بە خوێندن، لە ساڵی (١٩٧٩) ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ تەواو دەکات.لەساڵی (١٩٧٤)لەهێزی کاوەلەشۆڕشی ئەیلولدا دەبێ بەپێشمەرگەتاکو هەرەسی(١٩٧٥) پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە دەکات لەڕێگەی شەهید (عبدالرحیم سەنگەسەری) ساڵی (١٩٨١) دەبێتە پێشمەرگە.

هەر ئەو ساڵە دەبێتە ئەندامی ناوچەی پشدەر لەسەر میلاکی کۆمەڵە، ساڵی (١٩٨٣)بەهەڵبژاردن دەبێتە ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی قەڵادزە، ساڵی (١٩٨٦) دەبێتە ڕابەرسیاسی تیپی (٦٣)ی جوتیاران لە کاری ڕێکخراوەیی دا کەسێکی چالاك و زمانپاراو و هۆشیار بوو. لە کاری پێشمەرگانەشدا لەشەڕەکانی قەیوان ماوەت و داستانی ڕزگاریدا ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبوو لەسەرەتای ئازاری (١٩٨٨) لەهێرشی ڕژێم دا بۆ ناوچەی بەری مەرگە لە پاشەکشەی هێزەکاندا لەچیای کوڕکوڕ بەهۆی بەفرەوە شەهید دەبێ لەگەڵ دەیان پێشمەرگەو هاوڵاتی داودوای خۆیشی دووکوڕودووکچی جێ هێشتوەبەناوەکانی ( ڕێزان و هۆزان وکاروان وهەژار ).. بە پێنوسی ( کاوسێن )



**شه هید محمد حسن گەورە**

ساڵی١٩٥٧ لەخێزانێکی هەژارو دڵسۆزو نیشتمان پەروەرلەشارۆچکەی سەنگەسەرلە دایك بوەو بۆ بژێوی ژیانی خێزانەکەی شان ئەداتەبەر هەموو جۆرە کارکردنێك لە هەمان کاتیشدا خوێندنی سێ یناوەندی تەواوکردوەو ، بەلاٚم هەرلەسەرەتای لاوێتیەوە عەشقی شاخ وخاکی کوردستان دەبێ بۆیە ساڵی١٩٧٧ پەیوەندی بەرێخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە دەکاو بوێرو کپ وچالاکانە ئەرکەکانی رادەپەرێنێ ودوایش بۆدرێژەدان بەخەباتی شاردەچێتە شاخ لەساڵی ١٩٧٩ لەهەرێمی ١٤ ی ئاکۆیان دەبێتە پێشمەرگە بەهۆی ئازایەتی ولێهاتوی دەبێتەفەرماندەی مەفرزەو زۆرچالاك ودڵسۆزانەبەشداری سەرجەم شەرەداستانەکانی سنورەکەی دەکاوجگەلەوەی بۆخۆی بەشێوەی پارتیزانی وەك هەڵۆو باز وابوو گەرمیان وکوێستانی بۆنەبوونەی دەزانی مردن وگوللەچی یەو لەهەمان کاتیشدا نمونوی پیشمەرگەی کەم هاوتاودەگمەن بوو لەهەموو بوارەکاندا بەلاٚم بەداخەوەلە تەموزی ساڵی ١٩٨٣ بۆدانانی ئەلٚغامی دەبابە لەژێرتانکی دوژمن لەغاباتی رانیە بەخۆی و دووپێشمەرگەی ترەوەبە ئیختفا لەچیای کێوەەش دەمێننەوەو بۆئەوەی پێش بەیانی لوغمەکە دابنێن بەلاٚم بەداخەوە لەلایەن هاورێ یەکی خۆیەوەخیانەتی لێ دەکرێ ولەخەودا خۆی و ئامۆزایەکی بەناوی شەهید حسن شەهید دەبن وبرایەکی تریشی بەناوی مامۆستا ئەمین شەهید دەبێ بنەماڵەکەیان دەبنە خاوەنی ٣ شەهید بۆ کوردو کوردستان



**شه هید بابکرمەلا عبدالله ڕسوڵ**

ناسراو بە فەقێ بابکر لە ساڵی ١٩٧٠ لەبنەماڵەیەکی ئاینی و کورد پەروەر لە خێزانێکی هەژارو جوتیارلە گوندی زورکان چاوی بەژیان هەڵهێناوەو سەرەتای منالّیەتی لای باوکی لە فەقێ یایەتی خوێندویەتی و دواتریش دەچێتە قوتابخانەو تاوەکو سێ ی ناوەندی لە سەنگە سەر تەواو دەکاوهە لە وێشەوە پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کورستانەوە دەکاوکپ و چالاکانە ئەرك وئامانجەکانی گەل وشۆڕش جێ بەجێ دەکا لەسای ١٩٨٣ دوایش بۆ درێژە دان بەخەباتی شاخ ساڵی ١٩٨٥ لە تیپی ٤٣ی ئاسۆس دەبێتە پێشمەرگەو دواتریش لە سەر داوای خۆی دەچێتە تیپی ٥٦ی گەلاڵەو وەکو جێگری کەرت و دواین شوێنی پێشمەرگایەتیشی تیپی ٧٣ی قەندیل بوە لە بەتالیۆنی ٤ وەشەهیدی نەمر بەهۆی ئازایەتی وبوێری و بەشداری سەرجەم شەڕەکانی سنورەکانی تیپەکانی کردوەو ڕۆڵی کاراو بەرچاوی هەبوەتا١٩٩١/٩/١٢ هۆی تەقینەوەگیان لە دەست ئەدا.



**شه هید بکر حمه سعید عمر**

سالّی ١٩٦٢ له خێزانێکی هەژارو دڵسۆزو نیشتمان پەروەرچاوی به ژیان له شارۆچکەی سەنگەسەر هەڵهێناوەو وەبژێوی ژیانی خێزانەکەیان له سەر کشتوکاڵ بوەو بەڵام خەمی وڵاتەکەی له هەموو شتێك لا گەورەو پیرۆزتربوەو بۆیه سالّی ١٩٧٧ پەیوەندی به ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکاو ئەرك و فەرمانەکانی زۆر ژیرو کپ وچالاك و  بوێرانه ئەنجام دەدا وسالّی ١٩٧٨ لای شەهید عبدالرحیم دەبێتە پێشمەرگەو بەشداری سەرجەم شەڕو نەبەردییەکان دەکاو تاسالّی ١٩٨١ لەبناری قەندیل دەبێتەدووەم شەهیدی بنەماڵەکەیان .



**شه هید حسن أحمد خدر**

له ساڵی ١٩٥٦ له گوندی دەرگەڵەی مەنگوڕایە تی له خێزانێکی کورد پەروەرو دڵسۆزچاوی بە دیمەنەکانی کوردستان هەڵهێناوەو هەر له سەرەتای لاوێتیەوە هەستی نیشتمانی بەهێزبوەو وەبۆ بژێوی ژیانی خێزانەکەی هەموو جۆرە کارو کاسبیەکی کردوەوبەم هۆیەشەوە نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات بۆیە له ساڵی ١٩٧٦ دەبێتە پێشمەرگە لە هەرێمی پارێزگاری و چالاکانە بەشداری سەرجەم شەڕەکانی سنورەکەی دەکا وەکو پردان ، شیوەڕەز ، هەڵشۆ و ، ڕەزگە ، قوڵە هەرمێ وە هە ر بەهۆی ئازایەتی خۆیەوە دەبێتە فەرماندەی مەفرەزە بەلام بەداخەوە لە ١٩٧٩/١١/٢ لەنێوان جادەی ڕانیە و بۆسکین دەکەوێتە بۆسەی دوژمن وشەهید دەبێ



**شه هید علی حمه سعید عمر**

ناسراو به کاروانه سوورله ساڵی ١٩٧١ لەخێزانێکی دڵسۆزو نیشتمان پەروەرچاوی بە ژیان لە شارۆچکەی سەنگەسەر هەڵهێناوەووەکو پیشەی سروشتی ناوچەکەش بە ژیانی کشتوکاڵیەوە خەریك دەبن بۆ بژێوی ژیانی خێزانەکەی و هەر لەم شارۆچکە دەچێتە بەر خوێندن وتا ناوەندی تەواو دەکاو دواتر بەهۆی هەستی نیشتمانی و چینایەتی و نەتەوایەتی گەلەکەیەوە لە سالی ١٩٨٤ دەبێتە پێشمەرگە لە سنوری قەڵاتوکان لای شەهید معسین بایزو چالاکانە ئەرك و فەرمانەکانی ئەنجام ئەداو نمونەی پێشمەرگەدەبێ وبەڵام بەداخەوەلە ١٩٨٩/٩/١٣ لەدۆڵێ لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی تر دەکەوێتە بۆسەی دوژمن وشەهید دەبێ بەمەش دەبێتە دوەم شەهید لەبنەماڵەکەیان دەچێتە کاروانی نەمرانەوە و هەر بەزیندوی دەمێنێتەوە